وەڵامدانەوەی
کۆڤید-١٩

ڕاپۆرتی ئەنجامی  ساڵانەی تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان

بڵاوکراوەتەوە لە ئازاری 2022





# ڕاپۆرتی ئەنجامی ساڵانەی وڵات

SUSTAINABLE DEVELOPMENT GOALS

United Nations-Iraq
نەتەوە یەکگرتووەکان- عێراق

# ناوەڕۆک


**پێشەکی** 4
لەلایەن نوێنەری نیشتەجێبوو

**پێکهاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق** 5
پێشەکیەك بۆ تیمی وڵات

**هاوبەشەکان** 7
هاوبەشە سەرەکیەکانی گەشەپێدان لە سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەدا

وەزارەتە هاوبەشەکان 7

بەخشەرە هاوبەشەکان 8

**بەشی ١** 9
گەشەپێدانەسەرەکیەکانی ٢٠٢١ دیاردە و پرسە گرنگەکان

گەشەپێدانەسەرەکیەکانی ٢٠٢١ دیاردە و پرسە گرنگەکان 10

**بەشی ٢** 14
هاوکاری سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەولەویەتە لەپێشینەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی لەڕێگەی چوارچێوەی گەشەپێدان

پێداچونەوەیەك بۆ ئەنجامەکانی چوارچێوەی هاریکاری 15

پێشینەکانی چوارچێوەی هاریکاری و ئەنجامەکان 20

کورتەی چوارچێوەی هاریکاری 28

هاوکاری بۆ کاری هاوبەش و دارایی بۆ ئەجێندای ٢٠٣٠ 29

# ناوەڕۆک


31 ئەنجامی کارکردن پێکەوە باشترە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان
کاریگەری و ئەنجامی باشتر

35 هەڵسەنگاندن و ئەو وانانەی کە فێر بووین

36 پێداچوونەوەی دارایی و وەگەڕخستنی سەرچاوەکان

37 بەشی ٣
تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختکردنەوە لە کارەکانی ساڵی ئاینده

39 کوورتکراوەکان

# پێشەکی

بەناوی تیمی وڵاتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراقدا خۆشحاڵم بەخستنە ڕووی ڕاپۆرتی بەشداری کۆکراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەو دەستکەوتانەی عێراق بەدەستی هێناوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٢١دا.

بەگشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری و پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کردوە لە باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ئەو خەڵکانەی لە پێگەیەکی لاوازدان لە عێراقدا، و بەهێزکردنی خزمەتگوزاریەکان و گەیاندنیان بەشێوەیەکی یەکسان، و گونجاندنی هەوڵە نێودەوڵەتیەکانی عێراق بۆ بەشداریکردن و هەماهەنگیکردن لە پێناو ئامانج و ئەجێندای ساڵی ٢٠٣٠.

هەرچەندە بەرەوپێشچوون بەدیٔ کراوە لە کەرتی گەشەپێدان و ئەجێندای مرۆیی لەساڵی ٢٠٢١، بەڵام بەهۆی ڕێوشوێنەکان کەگیرانەبەر بۆرێگەگرتن لە بڵاوبونەوەی کۆفید-١٩ کارەکانی تیمی وڵاتی نەتەوەیەکگرتوەکان و تواناکانی تا ڕادەیەك سنوردار بوون. نەتەوەیەکگرتوەکان بەراوێژکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەستا بە پەسەندکردنی چوارچێوەی هاریکاریکردن بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن (UNSDCF) و گونجاندنی لەگەڵ ئەو دۆخە نەخوازراوەی بەهۆی پەتای کۆفیدەوە هاتە ئاراوە لەگەڵ فشاری حکومەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاوارە ناوخۆییەکان لە عێراقدا. ئەم چوارچێوەی هاریکاریە نویٔ یە کە بەندە لەسەر بنەمای پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی و دیدی عێراق بۆ ئەجێندای ٢٠٣٠ و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەجێندای ٢٠٣٠ بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن کە لە بەرواری ٥ یٔ سێپتەمبەریٔ ٢٠٢١دا ئیمزا کرا و ئەمەش وای کرد حکومەت سوور بێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوەی هاریکاریکردنە.

حکومەت سوورە لە چارەسەرکردنی دۆخی ئاوەرە ناوخۆییەکان کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ستراتیژی لەپێشینەی ژمارە ٥ ی چوارچێوەی هاریکاریکردنە: بەدەستهێنانی چارەسەری درێژخایەن بەشێوەیەکی سەلامەت و خۆبەخشانە و شەرەفمەندانە لە عێراقدا، ئەمەش بوو بەهۆی دارشتنی میکانیزمێك بۆ یەکخستنی هەوڵە مرۆییەکان و هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ گەشەپێدان. هەشت میکانیزم دیاریکرا بۆ هەماهەنگیکردن (ABC) بۆ پرسی گەڕانەوەیٔ ئاوارەکان.

ئەو هەشت میکانیزمەی (ABC) بۆ دڵنیابونەوەیە کە ئەکتەرە مرۆییەکان و بکەرەکانی بواری گەشەپێدان پێکەوە هەماهەنگی دەکەن و پێکەوەپلان دادەنێن لەگەڵ پێکهاتەی حکومەتی خۆجێیی بۆ کارئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆیەکان.

ئەمەش بەشێکە لەستراتیژیەتێکی گەورەتر لە عێراقدا بۆ ئەوەی تا ساڵی ٢٠٢٤ حکومەت خۆی بتوانێت پێداویستیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دابین بکات.

بەهەمان شێوە حکومەت دەستی کردوە بە گرنگی پێدانی زیاتر بە پرس و ئەجێندای گۆڕانکاری گەشوهەوا. ئەمەش لەستراتیژی لەپێشینەی ژمارە ٤ دا ڕەنگی داوەتەوە: گرنگی دان و هاندانی زیاتر لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان و بەڕێوەبردنی مەترسیەکانی کارەسات و بەرگەگرتنی زیاتر بۆ گۆڕانکاری کەشوهەوا. تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان زیاتر جەختی خستوتە سەر ڕێگریکردن لە کاریگەری گۆڕانکاری کەشوهەوا، لەوانەش گرنگیدان بە تەکنیکی وزەی نویٔ بوەوە و تەکنیکی زیرەك بۆ کاروباری کەشوهەوا بە پێ ی توانا. لە میانەی ساڵی ٢٠٢١دا تۆڕی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی چالاککرایەوە و ئەمەش بوو بەهۆی هۆشیاری زیاتر و گرنگیدان بە سیستەمی ڕیپۆرتکردن.

ئەمرۆ، بەگشتی نۆزدە قەوارەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق ئامادەبوون و پێکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی حکومەت و ئەکتەرە مەدەنییەکان بپاڵێون بۆ دروستکردنی مەرج بۆ بوژاندنەوەی ژیان و سەقامگیرکردن و چاکسازیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. دەمەوێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرم بۆ ئەوەی سوپاسی حکومەتی عێراق بکەم بۆ هەموو هەوڵەکانی هەماهەنگی کردن و هاوکاری کردن کە ئەوە دەسەلمێنێت حکومەت پابەندە بۆ باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیانی. هەروەها پشتگیری بەشی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز دەنرخێنن بۆ بەشداری بەخشندەیان بۆ سندوقی دارایی عێراق و چاوەڕوانی بەردەوامبوونی ئەو پشتگیریە بۆ سندوقی متمانەپێدانی گەشەپێدانی عێراق.



ئیرینا فوجاکۆڤا-سۆلۆرانۆ

جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخەری نیشتەجێ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق.

# تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق




**تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراقدا پێکهاتووە لە بیست و شەش ئاژانس و فەند و پرۆگرام و لەلایەن ڕێکخەرینیشتەجێ بووی کاروباری مرۆیی و نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە نوێنەرایەتی ئۆپەراسیۆنی گەشەپێدان لە وڵاتەکە دەکەن.**

وەک خێزانی چەندین ئاژانسی تایبەت تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتەواوی هاوکاری پابەندبوونی حکومەتی عێراق دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە درێژخایەنەکانی ئەجێندای 2030 و ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان (SDG)و نوێترین پسپۆری تایبەت و کاری تایبەت هاوکار دەبن. ڕۆحی ئامانجە درێژخایەنەکانی گەشەپێدان لەم دێرەدا کورتکراوەتەوە کە بریتیە لە نابێت کەس بەجێ بهێڵرێت. ئەمەش پرینسیپ و بنەمایە ڕێبەری سەرەکی هەموو کارەکانی خێزانی نەتەوە یەکگرتوەکانە لە عێراقدا. تیموڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو هاوکاریەکی پێداویست دابین دەکات بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستەکانی خەڵکە موحتاج ئەوانەی لە پێگەیەکی لاوازدان یان پەراوێزخراون و ئەوانەش کە مەترسی پەراویزخستنی کۆمەڵایەتیان هەیە.

نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراقدا لە عێراقدا بەجۆرێکی نوێ و کاریگەر کاردەکات بۆ هاوکاریکردنی حکومەت بۆ ئەوەی ئەولەویەتە لەپێشینەکانی نیشتمانی بەدەست بهێنێت و پابەند بێت بە گەشەپێدانی نێودەڵەتی و لەوانەش پابەند بوون بە ئامانجە درێژخایەنەکانی گەشەپێدان و لەوانەش تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان چوارچێوەی هاریکاری دارشتوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەدرێژخایەنەکان (UNSDCF) بۆ ساڵەکانی 2020-2024 و ئەمەش ئامانجی سەرەکی سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە وڵاتەکەدا.

# تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

پێنج پێشینەی ئەولەویتی گرنگی ستراتیژی (SP) و چوارچێوەی هاریکاری دەستنیشان کراوە بۆوەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی وڵاتەکە. تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە پلانی هاوبەشی داڕێژراوکاردەکان (JSP) و لەناو ئەم ئەولەویەت و پێشینە ستراتیژیانەدا پرسە گرنگەکانی ڕێژکەی پشت بەستوو بە مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری و جۆری کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی کۆمەڵایەتیانە و پەرەپێدانی تواناکان بۆ داڕشتنی سیاسیەت و بەڕێوەبردنی پشت بەستوو بە ئەنجامەکان و باشترکردنی هەموو کار و بەڵگەکان هەمووی گرتۆتە خۆ. هەریەکە لەوئەولەویەت و پێشینە ستراتیژیانە تیمی کارکردن بە گروپی خۆی هەیە و لەلایەن ئاژانسە سەرەکی و پەیوەندیدارەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت هەریەکە و لەبواری پسپۆری خۆیاندا, و هەموو ئەمانەش لەژێر سەرپەرشتی ڕێکخەرنیشتەجێ بوو دەبن لەگەڵ کۆمیتەی ئاڕاستەکردن (JSC) بۆ ئەوەی بەرەوپێش چوون بەدی بێت لەبواری بەدیهێنانی ئەولەویەتە گرنگەکاندا. هەریەکەلە گروپی کارکردنی ئەولەویەتەکان هاوکاری دەکرێت لەلایەن گروپی تایبەتی تەوەرە دەستنیشان کراوەکان و لەنزیکەوە کار و هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ تیمی بەڕێوەبردنی پرۆگرام (PMT) سەبارەت بەپرسە پەیوەندیدارەکانی وەک پلان دانان و ڕیپۆرت نوسین و هتد. گرنگیەکی زۆر دراوە بە ئاڵوگۆڕ پێکردنزانیاریەکان لەنێوان گروپیکارکردنی ئەولەویەتەکان بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و دوورکەوتنەوەلە خۆدوبارەکردنەوە یان دوبارەکردنەوەکارەکان و داڕشتننەخشەسازی لەگەڵ چوارچێوەکانی دیکەی پلان بۆ داڕێژراوی نەتەوە یەکگرتوەکان, بۆ نمونە وەک پلانی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی (HRP) و چوارچێوەکانی دیکەی ئایندەی پەیام و دیدی هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان لە بۆ عێراق.



## هاوبەشە سەرەکییەکانی گەشەپێدان لە سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەدا

لە میانەی وەڵامدانەوەی پەتای کۆفیدا و جێبەجێکردنی کارەکانی سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی هاوبەشیکردن لەگەڵ بکەرەکانی بواری گەشەپێدان وە وەبەرهێنانی راستەخۆ کراوە بۆ ئەوەی زۆرترین هەماهەنگی بکرێت بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی بڕ,ات بەرێوە.

لەساڵی 2021 سیستەمی نەتەوەیەکگرتوەکان هەوڵەکانی نوێکردەوە بۆ کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی و هاوبەشەکانی دیکەی گەشەپێدان بۆ باشترکردنی ئەنجامی کارەکانی پێشینە و ئەولەویەتە نیشتمانیەکانی گەشەپێدان و ئەجێندای 2030. هەروەها هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی باشتر کرا بۆ زیاترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی پەتای کۆفید و هەوڵەکانی رێگری کردن لە بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی کاریگەرەیکانی کۆفید و باشترکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

هەماهەنگیکردن لە گەڵ بەخشەرە هاوبەشەکان بەردەوام بوو و کاری هاوبەش زیاتر بوو لەگەڵ هاوبەشەکانی کەرتی گەشەپێدان و کۆبونەوەی فۆرەم ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتنەتەوەیەکگرتوەکان و بانکی جیهانی و بەگشتی 9 کۆبونەوەئەنجام درا لە ساڵی 2021 دا.

هەماهەنگیکردن لەگەڵ بانکی جیهانی نەک تەنها بۆ کارئاسانیکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەخشەرە هاوبەشەکان بەڵکو لەبواری کوتان و پێکوتەی کۆفید-19 و چاودێریکردنی ئاسایشی خۆراک لە عێراقدا.

### وەزارەتە هاوبەشەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| MoT | MoH | MoP | MoHESR | MoI | MoF |
| MoLSA | MoWR | MoJ | MoIM | MoTrans | MoFA |
| MoA | MoYS | MoCul | MoCH | MoMD | MoEE |
| MoEN | MoD | MoE | MoC | MoST | MoO |

# هاوبەشە سەرەکییەکانی گەشەپێدان لە سیستەمی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەدا

فەندی کارئاسانکاری بۆ سەقامگیری کردن (FFS) هەستا بە دابینکردنی نوژەنکردنەوەی ژێرخانی گشتی ئەنجامەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەکی بۆکۆمەڵگاکان. بەخشەرە گەورەکانی ئەم فەندیە بریتی بوون لە یلایەتە یەگرتوەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و یەکێتی ئەوروپا. بەگشتی 30 بەخشەر هەن بۆ فەندی ئێف ئێف ئێس, لەوانەش حکومەتی عێراق یەکێکە لە دە بەشداربووە گرنگەکان.ئەمەش تایبەتە بە پابەندبوونی گەورە و گرنگی حکومەت بۆ هەوڵەکانی بونیاتنانەوەی وڵاتەکە ئەویش بە هاوبەشی کردن لەگەڵ سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## بەخشەرە هاوبەشەکان



## بەشی ١: بەرەوپێشچوونە سەرەکییەکان لە وڵاتەکە و هەرێمەکەدا





## ژینگە

ژینگەی عێراق بەردەوامە لە تێکچوون. خراپ بەکارهێنانی ئاوو و نەبوونی ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەربارەی یەکسان دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو بەو مانایە دێت کە عێراق کێشەی وشکەساڵی دەبێت لەهاویناندا و مەترسی لافاوی لە زستاندا لەسەرە. جگە لەوەش, کەمتر دەست دەگات بە ئاوسی سازگار بۆ مەبەستی سەرەکی کشتوکاڵ و مەترسی مین و تەقەمەنیەکانیش. سەبارەت بە خاکی بە پیت و بەکەڵی شتوکاڵ بێت عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاکەکەی پیس بووە بە تەقەمەنی لە جیهاندا. هەروەها گۆڕانکاری کەشوهەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر عێراق و لە هاویندا پلەی گەرما دەگاتە 50 پلەی سیلیزی یان 120 پلەی فەهرەنهایت. وە لەهەمان کاتدا عێراق لە کاتی دەرهێنانی نەوتدا زۆرترین غاز دەسوتێنێت و زۆرترین ژینگە پیس دەکات وەک لەوەی کە هاوردەی بکات. یو ئێن ئی پی هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ڕێکخەری نیشتەجێ و تیمی وڵاتنەتەوەیەکگرتوەکان بۆ هاوکرایکردنی حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی ژینگەوە ئەویش بە جێ بەجێکردنی ئامانجە درێژخایەنەکانی گەشەپێدانی ژمارە # 13 .14.15 و ئامانجە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ئەجێندای ئامانجە درێژخایەنەکانی پەرەپێدان.

## گەشەپێدانی ئابووری

بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە هاوسەنگی ئابوری عێراق لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بەڵام زۆرپشت بەستن بە داهاتی نەوت وادەکات ئابوریەکی ناسەقامگیری هەبێت و توشی شۆک بێت. کشتوکاڵ دووەم گرنگترین بواری داهاتی نەختینەی عێراقە. نزیکەی 12 ملیۆن عێراقی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن. بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ هەمەچەشنە کردنی ئابوری عێراق و باشترکردنی بەرهەمی خۆراک و بژێوی خەڵک و زیاتر بەهێزکردنی دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان. لە کۆتاییدا موچەی دامەزراوانی کەرتی حکومی لەئاستێکی زۆر بەرزدایە و بەپێ ی پێوەرە هەرێمایەتیەکان خەڵکێکی زۆر دامەزراوە. حکومەتیش وەرەقەی سپی چاکسازی ڕاگەیاندوە بۆ چاکسازی ئابوری و دارایی لە مانگی نۆفیمبەری 2020دا. بەڵام چونکەنرخنەوت بەرمیلی نزیکەی 100$ دۆلاری ئەمریکیە هێشتا خواستێکی کەم هەیە بۆ کەمکردنەوەی دامەزراندی حکومی.



**چارەسەری دوورمەودا**

گۆڕانکاری لە کاری مرۆیی بۆ گەشەپێدان ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی میکانیزمی چارەسەری دوورمەودا. لەسەرە ئاستی نیشتمانیدا هێزی ئەرکی چارەسەری دوورمەودا (DSTF) ڕێپۆرت دەنوسن بۆ ڕێکخەری نیشتەجێ بوو و ئەوانیش بریتین لە سەرۆکی ڕێ:خراوەکان سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان و نوێنەرە پلەبەرزەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان. لەسەر ئاستی ناوخۆییدا هەشت گروپی مونەسیقی ناوچەکان هەیە (ABC). ئەم گروپانە پلانی کرداریان دارشتوە بۆ دڵنیابوونەوە لە کاریگەری هەوڵەکان و چارەسەری دوورمەودا بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و کارئاسانکاری بۆ پرۆگرامی هاوبەش.

**حکومداری**

نەبوونی بەرەوپێشچوون لە دروستکردنی هاوپەیمانی و پێکنەهێنانی حکومەت سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێش وەختەی 10 ی ئۆکتۆبەری 2021 وای کردوە متمانە

بە حکومەت کەمتر بێتەوە و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و بیرۆکراسی و ڕۆتین و گەندەڵی بووە بەهۆی لاوازکردنی ئەو گرێ بەستە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا.

**کۆڤید-١٩**

کۆڤید-19 تەندروستی عێراقی توشی شۆک کرد. هەرچەندە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵمەتی ئەنجام دا و لەسەرەتای ئەو پەرۆشیەدا کەچی ڕێژەکوتان بە پێکوتەی فایرۆسەکە لە ئاستی 17.5% دایە. زۆربەی عێراقیەکان لە پەتای کۆفید وەرس بوون. خۆنەکوتان بە پێکوتەی ڤایرۆسەکە دیاردەیەکی باوە بەتایبەتی لە نێو ئەوانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنن.




**تەبایی کۆمەڵایەتی**

چەندین تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی تەنها 20% سودیان گەیاندووە بە هەژارەکان. پەیوەند بەم پرسەوە گرنگترین تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی سیستەمی دابەشکردنی گشتی وەزارەتی بازرگانی وەک پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە و بەهۆی کۆفید-19 هوە ئاستی نایەکسانی زیادی کردووە بەڵام دیقەتنەدراوە و ئەمەش بوو بەهۆی کارئاسنکاریکردن بۆ چالاکی و دەستێوەردانی جۆراوجۆر کە لە پرۆسەکانی (UNSDCF)دا چاوەڕوان نەکرابوو.

**پاراستن لە چەوساندنەوە و دەستدرێژی سێکسی**

دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی بریتیە لە پێشێلکردنی نۆرمە یاساییە نێودەوڵەتیەکان و پێوەرەکانی مافی مرۆڤ. دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی کەلەلایەن کارمەندانی هاریکاریەوە ئەنجام بدرێت وەک خیانەتێک وایە لە لە پرینسیپ و بەها سەرەکیەکانی کاری مرۆیی و بنەمای سەرکی ئەوەیە کە ئازاری کەس نەدرێت. لە عێراقدا بەپێ ی کۆڵەکەی سەرەکی ژمارە 4 ی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی و تیمی وڵاتی نەتەوە یەککگرتوەکان لە ڕێگەی تۆڕی هەماهەنگی نێوان ئاژانسەکان بۆ ڕێگری کردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی و هاریکاری و خۆتەرخانکردنی بەردەوامی مونەسیقی تەرخانکراو و دوو ئاژانسی دیکەی هاوسەرۆک توانیان ئەم خزمەتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

**کارکردن و پێشکەشکردنی هاریکاری بۆ ئەوانەی کاریگەر بوون**

هەستاین بە دارشتنی کەرەستەی هەماهەنگیکردن لە هاریکاریکردنی نێوان ئاژانسەکان بۆ پرسی ڕێگری کردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی وەک ئامادەکردنی ئەنیمەیشنی فیدیۆیی بۆ کۆفید-19 و ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی پۆستەری کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و کارتی نەبوونی بیانو وەرەقەی ڕاستیەکانی تۆڕی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی سێکسی و پۆستەرەکانیش وەرگێراون بۆ زمانی ناوخۆیی. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری (بۆ کۆمەڵگاکان) سەبارەت بە مافەکانیان و هۆشیاری دەربارەی دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی و چی پێویستە بکرێت بۆ ڕەفتاری شیاو و دروست. بۆ دەستکەوتنی هەموو ئەو کەرەستانە بڕوانە ئەم لینکە https://psea.interagencystandingcommittee.org/location/middle-east-and-north-africa/iraq

**بەڕێوەبردن و هەماهەنگی کردن**



- گەشەپێدانی پلانی کرداری بۆ ڕێگری کردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی بۆ ساڵی 2022-2021 کە لەلایەن تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پشتگیری و پاڵپشتی لێوەکراوە و پێشکەش بە ئۆفیسی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە و لە ئێستادا جێ بەجێ دەکرێت.
- هەستان بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی توانای ئەو هاوبەشانەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەشدارن لە جێبەجێ کردنی پلانی ڕێگری کردن لە چەوسانەوە و دەستدرێژی سێکسی وەک یونیسێف و یوئێن ئێف پی ئەی و یوئێن دی پی.
- گەشەپێدانی تۆڕی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەندام بوون وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان (6 بەش) ئەویش بەهاوکاری ئێن سی سی ئای تۆڕی هەماهەنگیکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.
- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە مەترسیەکانی دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی.
- ئەنجامدانی پرۆتۆکۆلی بەشدارییکردنی زانیاری لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان و تیایدا پێناسەئەوەش کراوە کە چۆن زانیاری سەبارەت بە توندوتیژی و چەوسانەوە و دەستدرێژی سێکسی ئاڵوگۆڕپێبکرێت بە جۆرێکی نهێنی و سەلامەت و پارێزراو ئەویش بەپێی سیاسەت و پرۆتۆکۆلی ناوخۆی هەریەکە لە ڕێکخراوەکان.
- دارشتنی ڕەشنوسی دیاریکردنی فۆکاڵپۆینت بۆ دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی.
- دارشتنی پرۆتۆکۆلی یارمەتیدانی قوربانیان ئەویش بەپێ ی ناوەرۆکی دۆخی عێراق.
- پلانی جێبەجێکردنی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی کراوە بەبەشێک لە پلانی وەڵامدانەوەی کاری مرۆیی.

**ڕێگریکردن**

- داکۆکیکردن لە بەرنامەی ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی بۆ ئەوەی ببێت بە ئەولەویەتێک لە پرۆگرامەکان و هاریکاریکردنی ئەو بکەرانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بۆ کارکردن بە ڕێگریکردن و دیاریکردنی مەترسیەکانی چەوسانەوەی سێکسی لە دیزاینکردن و دارشتنی پرۆژەکانیان و جێبەجێکردن و چاودێری کردن.
- دارشتنی کەرستەی ڕاهێنانی تایبەت بە ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی و پێشەکی و چەند ڕاهێنانێک پێشکەشکرا بۆ زیاتر لە 500 کارمەندی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەوانەش کە کارمەند نین.



- هەماهەنگیکردن بۆ دابینکردنی خولی هۆشیاری دەربارەی دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی بۆ هەموو کارمەندانی پەیوەندیدار لە وڵاتەکە و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی ئەوان بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو گومانیان کرد ڕیپۆرت بکەن لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی کە لەلایەن هاوکارەکانیانەوە ئەنجام درابێت (ئێس تی\ئێس جی بی\2003\13).
- دارشتنی کۆدی ئاکاری ڕەفتارکردن و داکۆکیکردن لەناو ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی کارمەندان ئاستی ئاکاری ڕەفتاری خۆیان بەرزتر و پابەندتر بکەنەوە و ئیمزای ئەو کۆدی ئاکاری باشە بکەن و پابەند بن پێوەی.

**وەڵامدانەوە**

- دارشتنی ڕێوشوێن و پێوەرە دیاریکراوەکانی کارپێکردن لە ناو دامودەزگا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکاندا بۆ تۆمارکردن و پرۆسێس کردنی هەر تۆمەتێکی تایبەت بە دەستدرێژی و چەوسانەوەی سێکسی و پەیوەست کردنیان بە سیستەمی ڕەوانەکردن یان ئیحالەکردن.
- بەهەماهەنگیکردن لەگەڵ بکەرە تایبەتەکانی ڕێگریکردن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی ماتریکسی 4 و دارشتنی سیستەمی ڕەوانەکردن یان ئیحالەکردن لە نێوان ئاژانسەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گرنگ و پێویست بۆ قوربانیان و ڕزگاربووانی دەستی توندوتیژی لە بوارەکانی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سەلامەتی و ئاسایش و یاسایی و هاریکردنی مادی لە عێراقدا.




وێنە / ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پڕۆژەکان / عێراق




وێنە / کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان / عێراق

**بەدەستهێنانی تەبایی کۆمەڵایەتی و پاراستن و بەشداری پێکردن**

لە ساڵی 2021 دا لەچوارچێوەی ئەم ئەولەویەتە ستراتیژیەدا جەخت کرایە سەر تەبایی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی ئاشتی و پاراستن و پرسەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە بواری کاری مرۆییدا و ئەو پرسانەی دیکەش کە گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە وەکتوندوتیژی دژ بە ژنان و کچان و پاراستن و خۆپارێزی لە توندڕەوی توندوتیژ.

لە ساڵی 2021 دا نەتەوە یەکگرتوەکان هاریکاری پلانی کرداری نیشتمانی کرد لەگەڵ هاریکاری سیاسەتی پاراستنی نیشتمانی بۆ منداڵان و و دەرکردنی بڕیاری یاسایی و سیاسەت بۆ پاراستنی مافەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە و ئەمەش چوارچێوەی نیشتمانی بەهێزترکرد بۆ تەبایی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی تواناکان بۆ زیاتر لە سی و چوار دامەزراوەی حکومی هەروەها کارکردن بۆ داکۆکی کردن و خزمەتگوزاریەکانی پاراستن و بونیاتنانی ئاشتی و پرۆگرامەکانی بەهێزکردنی تەبایی کۆمەڵایەتی.

بە گشتی, هاوکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبواری خزمەتگوزاری پاراستنی کۆمەڵایەتی سوودی گەیاند بە 1,731,700 سوودمەندبوو وە 3,078 قوربانی توندوتیژی. پازدە پرۆگرام جێ بەجێ کران بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ئەوانەی لە پێگەی لاوازدان و فەرامۆش کراون و دەست گەشتن و سوودمەند بوون لە خزمەتگوزاریەکانی پاراستی کۆمەڵایەتی و 85% ی جەماوەری بەئامانجکراوو لێ ی سوودمەند بوون. ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی نیشتماندا گەشتبوە ٢٤.٨٪ ی ڕێژەی دانیشتوان بەڵام ئەو ڕێژەیە 31.7% بوو لە ساڵی 2020. لە ئێستادا 25% ی ژنان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن و لە لیژنەکانی پەرلەمان بەشدارن. هاریکاری زیاتر لە 15,229 ژنان و گەنجان کراوە بۆ ئەوەی بەشداربن لە بڕیاڕدان و سەرکردایەتی و میکانیزمەکانی بونیاتنانی ئاشتی بەشداربن لەسەر ئاستی نیشتماندا. هەروەها 278,104 ئەندامی کۆمەڵگا بەشێوەیەکچالاکانە بەشداربوون لە پرۆگرامەکانی بەهێزکردن و پشتبەخۆبەست لە ساڵی 2021 دا.



وێنە / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ / عێراق

### گەشەسەندنی ئابووری بۆ هەموان

لە ساڵی 2021 دا جەخت کرایە سەر هاریکاریکردنی حکومەت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە چاکسازیە ئابوریەکان و سیاسەتی چاکسازی ئابوری و گرنگیدان بە کەرتی تایبەت و کارئاسانکاری کردن و لابردنی بەربەستەکان و هەمەچەشنەکردنی کەرتی تایبەت و چاکسازی لە حکومڕانی و هاندانی بەشداریکردن لە کەرتی تایبەتدا لەچەند بوارێکی دەستنیشانکراوی بەرهەمهێنان و ڕێگریکردن لە بەربەستەکانی بەردەم هەمەچەشنەکردن و وەبەرهێنان لە کەرتی نانەوتیدا.

لەساڵی 2021 دا هاوکاریەکانی نەتەوە یەککگرتوەکان زیاتر لە 8,276 هەلی کاری ڕەخساند و 40,200 گەنج سوودمەندبوون لە ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ ئەوەی باشتر ئامادەبن بۆ کارکردن لە ئایندەدا. جگە لەمەش 37,146 کەس کە تیایاندا 19,775 بەخێوکەری خێزان هاوکاری بژێوی ژیانیان وەرگرت. لەسەر ئاستی سیاسەتدا نەتەوەیەکگرتوەکان هاوکاری حکومەتی عێراقی کرد بۆ گەشەپێدان و جێبەجێکردنی یاسادانن و سیاسەتی تایبەت بۆ دامەزراندن و دروستکردنی دەرفەتکار و گەشەپێدانی ئابووری. بەهۆی ئەمەوە, 14 سیاسەت و هاوبەشی کردنی کار و چوارچێوەی لێکتێگەشتن داڕێژرا و 45 هاوبەشی کەرتی تایبەت دامەزرا بۆ ئەوەی گەشەپێدانی ئابووری بەجۆرێک بێت هەموان لێ ی سوودمەند ببن لە ساڵی 2021دا. ئاست و ڕێژەی بەشداری هێزی کار گەیشتە 40% بۆ هەردوو ڕەگەزەکە. ڕێژەی بەشداری هێزی کاری نێر 80% بوو وە ڕێژەی مێ 20% بوو لە ساڵی 2021 دا.

**هاندانی خزمەتگوزاری و دامەزراوەکان بەجۆرێک کاریگەر و یەکسان**

لە ساڵی 2021 دا ئامانجی سەرەکی ئەم ئەولەویەتە ستراتیژە ئەوە بوو کە هاوکاری پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری و دامەزراوەکان بۆ هەموان بن و لەئاستێکی بەرزی چاوەڕوانی خەڵکدا بن و وە هاندانی کاری هاوبەشی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت وە بەهێزکردنی پابەندبوونەکان بۆ ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و ستراتیژیە نیشتمانیەکان و بەجۆرێک دامەزراوەکان شەفاتر و یەکسانتر و هەموان تیایاندا بەشداربن و بۆ هەموان بن و ببنە جێ ی متمانە و هاندانی بەشداریکردنی ژنان لەبواری پرۆسەکانی سەرکردایەتی و بڕیاڕدان.

لە ساڵی 2021 دا نەتەوەیەکگرتوەکان هاوکاری پێشکەش بە دوازدە دامەزراوە کرد بۆ هەردووحکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێم. هەروەها کارکردن بۆ پابەندبوون بە وەڵامدانەوەىخزمەتگوزاری پێویست و یەکسان بەجۆرێک ڕەچاوی یەکسانی جێندەرببکرێت. وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دە پارێزگا, هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری و پلاتفۆرمی نوێ و تازەگەر لەبواری دیجیتاڵدا پێشکەشکرد,دوو بەرهەمی زانیاری و زیاتر لە سیازدە توێژینەوە و ڕاپرسی ئەنجامداوە لە ساڵی 2021 دا. جگە لەمەش 75 پێشنیار و ڕاسپاردە تایبەت بە ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ جێبەجێکرا بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتوەکان و هەموو ئەوانە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بووە.

لە ساڵی 2021 دا نەتەوەیەکرگتوەکان هاوکاری پێشکەش بە نۆ سیاسەت و پۆلەسی کردوە لەگەڵ ستراتیژ و یاسادانان و جێبەجێکردنیان بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بەهێزتر بن و توانای وەڵامدانەوەیان باشتر بێت. جگەلەمەش, نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری هەشت دەستپێشخەری کرد بۆ بکەرە حکومیەکان بۆ ئەوەی هانی سەرکردایەتیکردنی ژنان بدرێت. بەهۆی ئەمەوە 21.4% لە ژنان زانیاریەکانیان زیادی کرد و تواناکانیان بەرەو پێش چوو بۆ ئەوەی کاری داکۆکیکاری بکەن بۆ سەرکردایەتی کردن ژنان. نەتەوە یەکگرتوەکان بەشێوەیەکی چالاکانە هاوکاری پێشکەش کردوە بۆ بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەباشترکردنی سیستەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان . لە ساڵی 2021 دا نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری پێشکەش بە چواردە یەکەی کارگێری و بەڕێوەبردن کرد لە دە پارێزگای جیاوازی عێڕاقدا. 629 پڕۆژەی ژێرخان (84 سەنتەری خزمەتگوزاری تەندروستی و 193 قوتابخانە) کە بەهۆیەوە 4.2 ملیۆن کەس لێ ی سوودمەند بوون و ئەمەش بۆ زیاترکردنی دەستگەشتن بە خزمەتگوزاریەکان و گرنگیدان بە ئەولەویەتەکان و ستراتیژەکان بوو. هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکن کارئاسانکاری کرد بۆ ئەوەی 415 هاوبەشی کار بەشدار بن لە گەشەپێدانی درێژخایەن, ڕێگریکردن لە ناکۆکی و ململانێ و بونیاتنانی ئاشتی و ئەمەش سوودی گەیاند بە 2.5 ملیۆن کەس لەناو گروپ و کۆمەڵەکان کەلە پێگەیەکی لاوازتردان (وەک ژنان و کچان و منداڵ و ئاوارە ناوخۆکان و پەنابەران) ئەوانەی لە دۆخێکی دژواردان و لەناویشیاندا 9 کامپە پەنابەران و 26 کامپی ئاوارە ناوخۆکان.



*وێنە / دەرماڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان / عێراق*

### هاندانی بەڕێوەبردنی سەرچاوەسروشتیەکان و مەترسیەکانی کارەسات

لە ساڵی 2021 دا ئامانجی سەرەکی ئەم ئەولەویەتە ستراتیژە ئەوە بوو کە هانی بەڕێوەبردن بدرێت بەجۆرێک ڕەچاوی بەشداریکردنی هەمەلایەنانە و یەکسانانە و بەشێوەیەکی شەفاف هەروەها بەکارهێنانی درێژمەودای هەمەچەشنەیی ژینگە و وەڵامدانەوەی پێویست بۆ پیسبوونژینگە و لەناویشیاندا ئەو پیسبونانەی ژینگەبهۆکاری جەنگ و شەڕ وەک یو ئێکس ئۆ و پیسبوونی پیشەسازی, هادانی کاری هەماهەنگی لەدەرەوەی سنورەکان و دڵنیابوونەوە لە هەموولا سوودمەند بن لە سەرچاوە سروشتیەکان و خزمەتگوزاریەکان, وە هاندانی بەکارهێنانی وزەی پاکژ و نوێ بوەوەو و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا و خۆئامادەکردن بۆ بەرگەگرتنی بارودۆخە دژوارەکان ئەویش لە ڕێگەی خۆئامادەکردن بۆ مەترسیەکانی ئەگەری ڕوودانی کارەسات و وەڵامدانەوە بەڕێوەبردنبەشێوەیەکی کاریگەر.



*وێنە / یونسکۆ / عێراق*

لە ساڵی 2021 دا نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکاری دوو پارێزگای کرد بۆ ئەوەی پلانی نوێیان هەبێت بۆ سەلامەتی ئاو. هەروەها دوازدە ستراتیژی تایبەت بە بەڕێوەبردنی مەترسی کارەسات و چوار سیاسەت و پۆلەسی بۆ پابەندبوونی دامەزراوەکانی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە گۆڕانکاریکەشوهەوا جێبەجێکران. هەروەها 202 پلانی کۆمەڵگا بۆ هاندانی باشتر بەڕێوەبردنی سەرچاوەسروشتیەکان و پاراستنی ژینگە و کەمرکدرنەوەی ئەگەری ڕوودانی کارەسانی ژینگەیی هەروەها دە پلانی وەڵامدانەوەی حاڵەتی کتوپڕ یان ئیمێرجینسی بەسەرکەوتووی جێبەجێ کرا. لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا 1000 گەنج سوودمەند بوون لەبەشداریکردنی کۆمەڵایەتیانە و مەدەنیانە بۆ پرسەکانی ئاو و ژینگە و کەش و هەوا و هەروەها سێ پڕۆژەی بچوکی ئاو جێبەجێ کرا بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی هەندێک لە کۆمەڵگاکان هەروەها سێ سیستەمی پەیوەندیکردن و ئاگادارکردنەوە لە حاڵەتی لەناکاو (EACS) دروست کران لەگەڵ تۆری پەیوەندیکردن بەستنەوەی سێ پارێزگا بەیەکەوە کە ئێستا لە کارکردندان.




*وێنە / بەرنامەی خۆراکی جیهانی / عێراق*

**گەڕانەوەی ئارەزومەندانە و خۆبەخشانە و سەلامەت و چارەسەری درێژخایەن بۆ ئاوارەکانی عێڕاق**

لە ساڵی 2021 دا ئامانجی ئەم ئەولەویەت و ستراتیژە ئەوە بوو هاریکاری پێشکەش بە حکومەت عێڕاق بکرێت بۆ ئەوەی پلانی نیشتمانی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئاوارەبوون. ئامانجەکەش ئەوەیە کە ناوچەکان سەقامیگرتر بن و بەهێزتر بن گەشەپێدان و دەستپێشخەریەکانی بونیاتنانی ئاشتی بکرێت لەوشوێنانەی کە خەڵکەکەی ئاوارە بوون و باشترکردنی بارودۆخی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان هەروەها کارکردن و بەڕێوەبردنی ئەم پرسە بەشێوەیەکی باش و پلاندانانی هاوبەش و هاندانی تواناکانی نیشتمانی و خۆجێی و خاوەندارێتی بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە ئاوارەکان بە خواستی خۆبەحشانەی خۆیان دەگەڕێنەوە بەجۆرێک سەلامەت و پارێزراو بن وشکۆیان بپارێزرێت وە چارەسەری دوورمەوداش هەبێت بۆ ئەو خەڵ:انەی کە ئاوارە بوون.لەساڵی 2021 دا نەتەوەیەکرگتوەکان هاوکاری پێشکەش بە 8,470 خانەوادە کرد لەوانەش نزیکەی 67,682 خانەوادە هاوکاریان وەرگرت لەبوارەکانی دەستکەوتنی داهات و خزمەتگوزاری گوزەرانی باشتر هەروەها 704 خانەوادە هاوکاریان وەرگرت بۆ شوێنی مانەوە وەک خاوەندارێتی لە موڵک و کرێ ی نیشتەجێ بوون بۆ مەودایەکی درێژخایەن

382 دەستێوەردان کراوە وە 84 دەستپێشخەری و 1,209 ژێرخانی خزمەتگوزاری سەرەتایی پێشکەش کراوە (بونیاتنان و نۆژەنکردنەوە یان تەعمیرکردن کراوە) بۆ ئەوەی بارودۆخی سەلامەتی و ئاوارەیی ئەو کەسانەی کە ئاوارە بوون باشتر بکرێت لەوناوچانەی کە تیایدا نیشتەجێ بوون هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتری کۆمەڵایەتی پاراستی خزمەتگوزرایەکان. بەهۆی ئەمەوە 51% لە ئەو خانەوادانەی کە گەڕاونەتەوە لەوشوێنانەن کە خزمەتگوزاری باشتر و ژێرخانی پێویستی تیایە وەبەگشتی 70,890 کوڕ و کچ هاوکاری یاساییان وەرگرتوە یان لە ڕاوێژکاری یاسایی سوودمەندبوون(ئەولەویاتی ناسنامە و ئەوراق و کێشەکانی تایبەت بە یاسای خێزانی) وە 1,631 ئەندامانی دەسەڵاتی نیشتمانی و خۆجێی سوودیان وەرگرت لە ڕاهێنان دەربارەی پرسی ئەوراق و ناسنامە و قەرەبووکردنەوە و دەست گەشتن بە عەدالەت و دامەزراندنی کۆمیتەی ناو کۆمەڵگاکان.

## 2.2 ئەولەویەت و ئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هاوکاریکردن

**ئەولەویەتی ستراتیژی ١** | **بەدەستهێنانی توندوتۆڵی و پاراستن و لەخۆگریی کۆمەڵایەتی**

### دەرئەنجام ١.١
**سیاسەتی ڕاستەوڕاست و کاریگەر و سیستەمی نەتەوەیی**

- بەهێزکردنی توانای لێکۆڵینەوەی تیمی فاکت دۆزەرەوەی حکومەت بۆ بڵاوکردنەوەی بەرپرسیاریی بۆ پێشێلکاریی لە مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژیدا.
- پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژیی خێزانی، هاندانی هەوڵەکانی بەتاوانکردنی توندوتیژیی خێزانی لە عێراق، بەرەسمیکردنی سیستمێکی پاڵپشتیی کارا بۆ ڕزگاربووەکان.
- پاڵپشتیی جێبەجێکردنی دووەم پلانی کاری نەتەوەیی عێراق (INAP II) ی UNSCR 1325 کردووە.
- پاڵپشتیی پەسەندکردنی بڕیار و پلانێکی یاسایی کرد بۆ پێلێنان بە مافی نیشتەجێبوون و موڵکداری و ئاوارەکان و ئەوانەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

### دەرئەنجام ٢.١
**ڕێگای گەیشتنی ڕەوا و دوورمەودا بە سیستەم و خزمەتگوزاریی پاراستنی کوالیتی بەرز و کۆمەڵایەتی**

- پاڵپشتیی جێبەجێکردنی پلانی نەتەوەیی پاراستنی منداڵ لە عێراقی فیدراڵ و یاسای مافەکانی منداڵی کرد لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- گەیشتن بە 35 ناوچە لە عێراق لەڕێگەی کەمپەینی مەشقی دژە زیانەوە (میدیای جەماوەری، گفتوگۆی بەکۆمەڵ، جەلسەی هۆشیارکردنەوە و هیتر).
- دابینکردنی پاراستنی فریاگوزاری، هاریکاریی دارایی و هاریکاریی خۆراکیی بۆ هەموو ئەو ماڵانەی ناو کەمپەکان کە کێشەی کەمیی خواردنیان هەیە، هاریکاریی یاسایی و پاڵپشتیی بەڵگەنامەیی مەدەنی بۆ ئاوارە و پەنابەر و ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە.
- بەتێکرا، 694,845 کەس (نزیکەی لەسەدا 57 یان مێ بوون کە لە 227,986 کچ

### دەرئەنجام ٣.١
**میکانیزمی کاریگەر کە ڕێگری لە تەنگژە دەکات و کەمیدەکاتەوە و ڕێکیدەخات، هەروەها دەستی دەبێت لە توندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەدا**

و 167,643 ژن پێکهاتبوون) پاراستنی منداڵ و ڕێگریکردن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز و خزمەتگوزاریی وەڵامدانەوەیان بۆ دابینکرا.

- پاڵپشتیی سیستەمەکانی زانیاری بۆ ڕاپۆرتدان لەبارەی کەیسی توندوتیژی، تۆڕی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی، سیستەمەکانی ڕێکخستنی داتای توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز.
- 10 دامەزراوەی نەتەوەیی توانای خۆیان لە باسکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز و کێشەکانی تایبەت بە ڕەگەزدا بەهێزکرد.
- نزیکەی 5,122,881 مەتردووجا لە خاک لە شارە سەرەکییەکانی موسڵ و فەلوجە و ڕومادی لە تەقەمەنی پاککرانەوە.



*وێنە / ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیی / عێراق*

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی کە بەجێهێڵراون:**

- لە هاریکاریی دارایی فرە ئامانجدا 7,984 خێزانی پەنابەر و 13,396 خێزانی ئاوارە و گەڕاوەی تێدابوو کە تیایدا پاڵپشتییەکی دارایی مانگانە دابینکرابوو.
- 81,806 خێزانی پەنابەر و 57,252خێزانی ئاوارە و گەڕاوە هاریکاریی داراییان بۆ دابینکرا بۆ دابینکردنی پێداویستییە زستانەکان (جلەبەرگ، سوتەمەنی بۆ خۆگەرمکردنەوە، باشترکردنی خێمە و پەناگە) بۆ خێزانەکانیان.
- 4,048 خێزان لە سنجار بەرنامەی نیشتەجێبوونیان بۆ دەرچوو بۆ دانان بە مافی نیشتەجێبوون و موڵکدارییاندا.

ئەولەویەتی ستراتیژی ٢ | گەشەپێدانی ئابووری بۆ هەمووان

### دەرئەنجام 2.1
### سیاسەتی ئابووری و یاساداتان

- پاڵپشتیی واژووکردنی دوو ڕێکەوتنی چوارچێوەی کار لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق و وەزارەتی دارایی بۆ فراوانکردنی بەردەستبوونی هەلی ئابووری بۆ 500 بزنسی تازەدەستپێکردوو و پێشتر هەبوو.
- پاڵپشتیی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە پێداچوونەوەی ڕوویای لاوان ( Youth Vision 2030)، پەرەدان بە پلانێکی کار دەربارەی خۆبەخشیی.
- ستانداردەکانی کارکردنی منداڵان بەکۆتایی گەیەنران و مەشپێکردن بۆ خاوەن



وێنە / پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی / عێراق

### دەرئەنجام ٢.٢
### بەردەست بوون و بەشداریکردن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا

بەشە پەیوەندیدارەکان جێبەجێکرا بۆ بەهێزکردنی ڕێگریکردن و کاردانەوە لەبەرامبەر ئیشکردنی منداڵان لە عێراق.

- نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریکرد لە بووژاندنەوەی پرۆسەی گەیشتنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی عێراق لەڕێگەی درووستکردنی سەکۆیەک بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان خاوەن بەشە سەرەکییەکاندا. بەدەستهەوەدانی ڤێرژنی چاککراوی بەڵگەنامە داواکراوەکان بۆ ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە گوزارشت لە هەنگاوێکی گرنگ دەکات لەم پرۆسەیەدا.
- ڕاهێنانی پیشەیی خواست لەسەر لە پرهیواترین سێکتەرە ئابوورییەکاندا بەڕێوەبران.
- پاکێجی پاڵپشتیی پرۆژەکان بۆ پرۆژە بچووکەکان دابینکران بۆ لاوازترین خاوەنکارەکان بۆ دامزراندن یاخود گەڕاندنەوەی بزنسیان.

### بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون:

- 31,550 گەنج (7,150 مێ) کە گەنجانی کەمئەندام و ئاوارە و هەژار کۆمەڵانی تری لەخۆدەگرت کە لە کۆمەڵگادا وەلانراون، توانیان بگەن بە هەلی بنیاتنانی بەهرە و کارامەییەکان.
- 567 گەنج (264 کچ) دەرماڵیان وەرگرت و دەستپێشخەریی کۆمەڵایەتی/بزنسیان جێبەجێکرد. 162 گەنجیش (69 کچ) ئینتێرنشیپ و کاری بەردەستییان بە موچەوە لە کۆمپانیای کەرتە تایبەتەکان وەرگرت.
- 500 ماڵ لە گرووپی کاری شیرەمەنی ژنان و شیرکۆکەرەوەکانی لادێیەکان هاوکارییان وەرگرت.
- 2,800 دەزگای بچووکی شیرەمەنی و 1,090 جووتیار چەندین جۆر تۆوی ئالیک و پەینییان وەرگرت.
- 70 ماڵ کەرستەی پرژاندن و 20 داسی درەوکردنیان وەرگرت لە 20 گوندی گرووپەکانی کۆمەڵگای ژناندا.
- 1000 تەن لە شەکری خۆماڵی درووستکراو بەسەر 5000 خاوەن ئاژەڵدا دابەشکران کە 3000 ژنی لەخۆدەگرت.

## ٢.٢ ئەولەویەت و ئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هاوکاریکردن

| ئەولەویەتی ستراتیژی ٣ | بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ دەزگا و خزمەتگوزاریی کاریگەر و گشتگیر و کارا |
| --- | --- |

### دەرئەنجام 3.1
**دەزگا و سیستەمی بەهێزکراو بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان**

- دوو ستراتیژیای دژە گەندەڵی و شەش یاسا لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق پێداچوونەوەیان بۆ کرا.
- حەفتاوپێنج پێشنیار لە ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێکران.

### دەرئەنجام 3.2
**خەڵکی دەبنە پێشڕەو و بەشداریدەکەن لە دیزاینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریی دادپەروەر و وەڵامدەرەوە**

- بەهێزکردنی توانای کەسانی کارای کاری مین و تەقەمەنی بۆ زیادکردنی توانایان لە پێشڕەویکردن و ڕێکخستنی سێکتەرەکە.
- بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندرووستیی گشتی و بەرزکردنەوەی توانای بوارە ئاسانکەرەکانی تەندرووستیی باوان و منداڵانی ساوا لە ناوچە بەرەمەترسییەکاندا.
- 8,960 کەسی پرۆفیشناڵ ڕاهێنانیان پێکرا بۆ بەکارهێنانی بەهرە و زانیارییەکانیان لە شوێنی کارەکانیاندا و 391 پرۆژەی ژێرخانی کردەیان تەواوکردووە.
- 67 سەنتەری چاودێریی تەندرووستی و نۆرینگە و نەخۆشخانە کە خزمەتی نزیکەی 380 هەزار کەسیان دەکرد پێداویستی ئاو و پاکژکردنەوە و پاکوخاوێنی (WASH) یان بۆ دابینکرا کە بەرگەی گۆڕانی کەشوهەوا دەگرن.
- پێداویستییە بنچینەییەکانی (WASH) بۆ 208 خوێندنگا دابینکرا کە لە خزمەتی زیاتر لە 127 هەزار خوێندکاردابوون.
- 193 خوێندنگا بنیاتران و نۆژەنکرانەوە کە خزمەتی زیاتر لە 120هەزارخوێندکاریان دەکرد.

- پاڵپشتیی پلاتفۆرمی فراوانکردنی کرد بۆ لەخۆگرتنی کۆڕێکی فراوانکردنی جوتیار-بۆ-جوتیار(F2F)، لەم بارەیەوە، ڕاهێنانی ڤێرچواڵی (virtual training) بۆ ٣٢٥ ئەفسەری فراوانکردن کرایەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانایری لەبارەی چۆنییەتی کەمکردنەوەی کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر زنجیرەی خۆراک.
- 23 ڕاهێنانی بنچینەیی بەڕێوەبردنی مرۆییانەی کاری مین لە پارێزگای ئەنبار بۆ ٢٩٦ ئەفسەری پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆ کرانەوە. ڕاهێنانەکان جۆراوجۆربوون و لەنێویاندا ڕاهێنانی لابردنی مین و تەقەمەنی و وەڵامدەرەوەی سەرەتایی تەقەمەنیی مەترسیدار (DSIM) هەبوون.



وێنە / UNHCR / عێراق



وێنە / ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ / عێراق

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون:**

- دابینکردنی پاڵپشتیی بەرفراوان بۆئەوەی کوتان بە ڤاکسینی کۆرۆنا لە عێراق لانیکەم بە ژمەە کوتانێک بگاتە لەسەدا ٣٠ی دانیشتووانەکە، وەکو بەشێک لە کەمپەینی "ماسک بەستن"ی نەتەوەیی.

- 1,500 کەرەستەی پاراستنیی کەسیی (PPE) بەسەر ستافی خزمەتگوزاریی فراوانکردنی کشتوکاڵ و بەیتەریدا دابەشکران و بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ هێڕانەوە.

- تێکڕای 739,090 منداڵی ئاوارە کە لەمەترسیدابوون بەڕێوەبەرانی کەیسی منداڵپارێزی شارەزا و خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەروونی و پاڵپشتیی دەروونیی کۆمەڵایەتی و کوتان دژی ئیفلیجی و پەروەردەی فەرمی و نافەرمی و بەڵگەنامەی یاساییان پێگەیشت.

- وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا توانیی بڕی خەمڵێنراوی 4.2 ملیۆن منداڵ بخاتە بەر خوێندن.

- 394 منداڵی کەمئەندام کە دەستیان گەیشت بە خزمەتگوزاریی وەکو چاکسازیی جەستەیی و پاڵپشتیی دەروونی/چارەسەری دەروونی هاوکارییان کرا.

- 480,796 ژن کە لە تەمەنی منداڵخستنەوەدابوون، خزمەتگوزاریی پلاندانان بۆ خێزان و منداڵخستنەوەی تەندروستیان بۆ دابینکرا لەڕێگەی دەزگا پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. خزمەتگوزارییەکانی منداڵخستنەوەی تەندرووست چاودێریی پێش لەدایکبوون و پاش لەدایکبوون، یاریدەدەری کاتی منداڵبوون، و ڕاوێژکاریی پزیشکی ئەندامی زاوزێ و پلاندانانی خێزانیی لەخۆگرتبوو.

- پاڵپشتیی کارکردنی 10 ناوەندی سەرەتایی چاودێریی تەندرووستی لە سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، کەلار، ڕاپەڕین، سۆران و نەینەوا بۆ خزمەتکردنی کەسانی کەمئەندام. لەئەنجامدا، 2,483 ژن و کچی کەمئەندام خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندرووستیی تایبەت بە منداڵخستنەوەیان پێگەیشت.

- پاڵپشتیی کارکردنی 4 یەکەی جیاکردنەوە لە ناوچەکانی زاخۆ و ڕاپەڕین و سلێمانی و سۆران بۆ خزمەتکردنی سوودمەندانی توشبوو بە کۆرۆنا . لەئەنجامدا، 92,968 ژن، کە 57یان کەیسی تووشبوون بە کۆرۆنایان هەبوو و 259 ژن کە خاوەن پێداویستیی تایبەت بوون ڕاوێژکاریی منداڵخستنەوەی تەندرووستیان وەرگرت و 17,630 دانەش لە منداڵبوونی تەندرووست و سەلامەتدا یارمەتییان درا.



*وێنە / ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی / عێراق*

## ٢.٢ ئەولەویەت و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هاوکاریکردن

| ئەولەویەتی ستراتیژی ٤ | بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ سەرچاوە سرووشتییەکان و ڕێکخستنی مەترسی کارەسات و بەرگەگرتنی گۆڕانی کەشوهەوا |
|---|---|

**دەرئەنجام 4.1**
بەهێزکردنی پلان و چوارچێوەی کار بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە سرووشتییەکان و پەرەدان بەو سەرچاوانەی کە تازەدەکرێنەوە و زیادکردنی بەرگەگرتنیان

- پاڵپشتیکردنی وەزارەتی ژینگەی عێراق بۆ پەرەدان پێی و ڕادەستکردنی بەشداریکردنی دیاریکراوی نەتەوەیی (NDC) بۆ سکرتارییەتی ڕێکەوتننامەی چوارچێوەی کار دەربارەی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFCCC)، نیشاندانی پابەندبوونی نێودەوڵەتیی عێراق بە ڕێکەوتننامەی (UNFCCC) و ڕێکەوتننامەی گۆڕانی کەشوهەوا لە پاریس.
- ستراتیژی نەتەوەیی و پلانی کاری عێراق دەربارەی کۆنترۆڵکردنی پیسبوونی ژینگە لەڕێگەی پاڵپشتیی هاوبەشی تەکنیکییەوە کۆتایی پێهێنرا.
- پاڵپشتیکردنی عێراق بۆ زیادکردنی توانای بۆ چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان لەسەر ڕێکەوتننامە ژینگەییە فرەلایەنەکان لەڕێگەی سیستەمێکی زانیاریی ژینگەیی باش یەکخراو و کردەییەوە. سیستەمەکە سەرچاوەی سەرەکی دەبێت بۆ دۆخی ئێستا و گەشەکردووی ژینگە لە عێراق.

**دەرئەنجام 4.2**
بەشداربوونی خەڵک، دەزگا ژێر-نەتەوەییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە سرووشتییەکان و ژینگە

- پاڵپشتی حکومەتی عێراقی کرد لە بەهێزکردنی چوارچێوەی دامەزراوەییدا بۆ ڕێکخستنێکی پتەوی مادده کیمیاییەکان لەڕووی ژینگەییەوە و هەروەها جێبەجێکردنی ڕاهێنانێکی نەخشەکێشان کە لە بۆشاییەکانی دەروانی و پێشنیاری چارەسەری بۆ چەندین گرووپی کارکەری تەکنیکی و دارایی و دامەزراوەیی و یاسایی دەکرد.
- پرۆفایلێکی ڕێکخستنی مادده کیمیاییەکان بۆ عێراق کۆکرایەوە. ئەم پرۆفایلە کیمیاییە دەبێت بە بنچینەیەک بۆ عێراق تاکو هەڵسەنگاندن بکات و بڕیاری بەئاگایانە بدات لەبارەی ڕێکخستنی مادده کیمیاییەکانەوە.
- سێ پلانی ئامادەباشیی ژێرنەتەوەیی لە موسڵ و سەلاحەدین و بەغداد. ئەم پلانانە ڕێژەی بەرگەگرتنی کۆمەڵە بەئامانجگیراوەکانی زیادکرد لەدژی کارەساتەکان و بەسداریش دەبێت لە کەمکردنەوەی مەترسی و زیانەکان بەهۆی هەرەسهێنانی بەنداوی موسڵەوە.

- گەیاندنی "پاڵپشتی بۆ چاککردنەوەی سیستەمەکانی دەرهێنانی ئاوی زەوی لەڕێگەی وزەی خۆرەوە لە ناوچە دووبارە بەدەستهێنراوەکاندا." پەرەدان بە سیستەمە مۆدێرنەکانی ئاودان کە توانانی نوێکردنەوەیان هەیە ڕێگایەکی ئاسان دەخاتەبەردەست جووتیارە عێراقییەکان بۆ دەرهێنانی ئاو بۆ ئاودان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لەدەرەوەی تۆڕەکانی کارەبا دەژین.
- پاڵپشتیی پاراستن و بەکارهێنانی درێژمەودای سامانە فرەجۆرەکان لە عێراق لەڕێگەی دامەزراندنی تۆڕی ناوچە پارێزراوەکان و یارمەتیدانی ئەم وڵاتە بۆ گەیشتن بەو داواکارییانە لەژێر باری کۆنگرەی فرەجۆریدا (CBD).
- خستنەکاری پرۆژەی "چاودێریکردنی بەبەرهەمیی خاک و ئاو لەڕێگەی هەستپێکردنی دوورەدەستەوە " بەهاوبەش بوون لەگەڵ دەزگای ( IHE Delft) بۆ پەروەردەی ئاو، دەزگای بەڕێوەبردنی ئاوی نێودەوڵەتی (IWMI)، هەروەها کۆمەڵە کۆمپانیایەکی گشتی تایبەت لە دەزگای هۆڵەندی و فلاندەری.
- لە چوارچێوەی پەرەدان بە پلانی نەتەوەیی سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، لەسەر ئاستی نەتەوەیی کەمپەینێکی خستەکار لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و گرووپەکانی بەر مەترسی کە لە ژنان و گەنجان پێکهاتبوون، لەخۆگرتبوو. ئامانج لێی بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بۆ زیادکردنی بەرگەگرتن لەبەرامبەر گۆڕنی کەشوهەوادا.
- ناوەندێکی دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشماوەی لە موسڵ دامەزراند کە بەتەواوی لەکاردایە. تا کۆتایی 2021، پرۆژەکە فراوان بوو کە وایلێهات دوو ناوەندی تری دووبارەبەکارهێنانەوەی پاشماوە لە سنجار و حەمدانیە لەخۆبگرێت.



*وێنە / ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێبوو / عێراق*

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون:**

- دیزاینی (NDC) و سیاسەتەکانی پیسبوونی ژینگە لە دابینکردنی پاڵپشتی بۆ لاوازترین ناوچە و کۆمەڵگە و گروپەکانەوە وەرگیرابوو لە عێراق. بۆ نموونە، بەشی باشووری عێراق بە لاوازترین ناوچە وەسفدەکرێت لەبەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوادا، لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵە و گروپانەی کە شوێنەکانیان پێچۆڵکراوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی دەستی داعشدا کەمتر توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگەدا.

- بەئامانجگرتنی بەرنامەکە تەرکیزی دەکردە سەر ئەو کۆمەڵانەی کە زیاتر لاواز و لەبەر مەترسیدان کە ژنانی ماڵە تاکە سەرخێزانەکان و ئەو گەنجانەی کە لەبەر مەترسیی نەبوونی خۆراکدا بوون. بەرنامەڕێژیی بەهێزکردنی ئابووری ئەوانەی بەئامانج دەگرت کە زۆرترین ڕێژە لەبەر مەترسیی نەبوونی خۆراکدا بوون هەروەها لەیەکیشەوە گەنجان و ژنان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ڕەگەزەکان لە گەیشتنیان بە چالاکییەکانی پەرەدان بە تواناکان.




*وێنە / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ / عێراق*

## ٢.٢ ئەولەویەت و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چوارچێوەی هاوکاریکردن

| ئەولەویەتی ستراتیژی 5 | بەدەستهێنانی چارەسەری تۆکمە و شکۆدار و سەلامەت بۆ جێگۆڕکێی درێژخایەن |
|---|---|

**دەرئەنجام 5.1**
جێگیربوون، گەشەکردن، و دەستپێشخەرییەکانی بنیاتنانی ئاشتی

- پرۆژەیەکی پێکهاتنەوە و یەکخستنەوەی تایبەت بە کۆمەڵگا (C2RI) ی خستەکار بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوە و یەکخستنەوەی 4 هەزار خێزان کە وادادەنرا پەیوەندیان بە داعشەوە کردبێت، لە پارێزگاکانی نەینەوا و سەڵاحەدین و ئەنبار، لەڕێگەی زیادکردنی ئامادەیی کۆمەڵگا بۆ قبوڵکردنی گەڕانەوەی ئەم خێزانانە لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی تەندروستی مێشک و دەروونیی گونجاو، بژێوی و دەستێوەردانی ڕێگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژانەوە.
- کۆمەڵە هاوبەشی و سیستەمێک دامەزرێنران و گەشەیان پێدرا بۆ بەرفراوانکردنی توانای گەیشتنی 500 خاوەنکاری تازەدەستپێکردوو و کۆمپانیای پێشترهەبوو بە هاوبەشی لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق و بانکە ناوخۆییەکان و دەزگا داراییە بچووکەکان.
- خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن زیادکران و سوودیان بە 7,912 کەسی بێکار لە پەنابەر و ئاوارەکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ گەیاند هەروەها 1,293 خاوەنکار دووپاتی خستنەسەرکاری 817 کەسی بێکاریان کردەوە (کە نزیکەی ی لە ڕەگەزی بوون).
- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ 270 پەنابەر و ئاوارە و ئەندامی کۆمەڵگەی خانەخوێ و پەرەدان بە بەهرەکانی 132 ئەندازیار و ستافی تەکنیکی و کەسانی گەنج.
- پەرەدان بە بەهرەکانی 2,704 گەنج لە موسڵ و پاڵپشتیکردنیان تاکو هەلی دامەزراندنیان دەستبکەوێت.
- چاککردنەوەی 10 خوێندنگا و دابینکردنی پێداویستییەکانی (WASH) و هەروەها پۆل و کەلوپەلی نوێ.
- ئەوماڵانەی کە خاوەنیان نییە لەڕێگەی پارە و خواردنەوە پاڵپشتییان کرا بە گواستنەوەیان بۆ ئەو ماڵانە لە ناوچەی ئەسڵی خۆیان و لە ڕاگوازتنی دووەمیدا.
- نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر سایەی جێگیرکردنی سەرەکیدا – بەشی دەرماڵەدان بۆ جێگیربوون – 368 پرۆژەی لە هەموو سێکتەرەکانی دەستێوەرداندا تەواوکرد لە پێنج پارێزگا ئازادکراوەکە کە ئەنبار و دیالە و کەرکوک و نەینەوا و سەڵاحەدین بوون، بە پێکهێنانی زیاتر لە 3 ملیۆن دەرماڵە کە نیوەیان بۆ ئافرەتان بوون.
- خانو و زەوی و موڵک و ماڵ (HLP) بۆ 305 کەسی سوودمەند دابینکرا.
- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی گەڕانەوەی سەلامەت و شکۆمەندانە و خۆویستانەی خەڵکانی ڕاگوێزراوی کرد لەڕێگەی چۆڵکردنی ناوچەی نیشتەجێبوون و دابینکردنی فێرکاریی لەبارەی مەترسیی مین و تەقەمەنی بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە لەبەر مەترسیدابوون.
- 13,259 جەلسەی فێرکاریی لەبارەی مەترسی تەقەمەنییەکانەوە لە ئەنبار و نەینەوا و بەسرە، گەیشتن بە 110,520 سوودمەند و 2,890 کاش بۆ کرێکارانی کار و کرێکارانی مرۆیی.



*وێنە / UN-Habitat / عێراق*

- بەشێوەیەکی دیار دەستی هەبوو لە باشترکردنی باروودۆخی ژیان لە کۆمەڵگە/گەڕەکە بەئامانجگیراوەکاندا، وەکو موسڵ، تەلەعفەر، سنجار، باج، بەسرە، لەڕێگەی دووبارە بنیاتنانەوە و نۆژەنکردنەوەی ئەو خانووانەی کە بەهۆی جەنگەوە زیانیان پێگەیبوو، دانانی ژێرخانی بنچینەیی دووەمیی، دووبارە بنیاتنانەوە و نۆژەنکردنەوەی ژێرخان و شوێنە گشتییەکان، هەروەها ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندیان بە (HLP) یەوە هەیە.
- پاڵپشتیی زیادکردنی بەرگەگرتنی بژێویی جووتیارانی کرد لەو ناوچانە ئازادکراوانەی کە قەیران کاری لێکردبوون لەڕێگەی بنیاتنانەوەی بژێوی کشتوکاڵی و گوندەکانەوە، هەروەها بنیاتنانی توانا بۆ بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵ.



*وێنە / ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی / عێراق*

**دەرئەنجام 5.2**
السياسات والإستراتيجيات والخطط اللازمة لتحقيق الحلول المستدامة

پاڵپشتیی پەسەندکردنی سیاسەتێکی گشتگیری بۆ یەکخستنی منداڵانی پەنابەران لە سیستەمی پەروەردەدا لە هەرێمی کوردستان.

**بەرەوپێشچوون لە گەیشتن بەوانەی بەجێهێڵراون:**

- 1,208 ژن و کچ کە ڕزگاربووی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بوون توانییان دەستیان بگاتە یارمەتی و ڕاوێژی یاسایی.
- 232 ژنە پەنابەر و بەناوخۆیی ڕاگوازراوی پەراوێزخراو هەروەها ئەو ژنانەی کە لە بارودۆخی پڕ مەترسیدابوون لە کەمپ و کۆمەڵگە خانەخوێیەکاندا دەستیان گەیشت بە داهات و بژێوی و هەلی ئابووریی نوێ لەڕێگەی دەستێوەردانی بەئامانجگیراوەوە کە پشتی بە پارەی کاش بەستووە هەروەها پەرەدان بە توانا و بەهرە پرۆفێشناڵانەکان، و ئێستاش هەبوونی بەهرە و توانای زیاد بۆ پێکهێنانی داهات.
- 1,192 ژن و کچی پەنابەر و ئاوارە کە ڕزگاربووی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز بوون و/یاخود لەژێر مەترسیی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزدا بوون لە کەمپەکان توانیان بگەن بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز.
- 273 ژن و خێزانەکانیان لە کەمپ و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانەوە توانیان دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی یاسایی لەڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندی و دادگاکانی توندوتیژیی خێزانی.
- 191,751 کەس لە ناوچە خێرخوازییەکاندا (لەسەدا 51 یان مێینە بوون) توانیان دەستیان بگات بە ئاوی خاوێن و بەردەست، لەکاتێکدا 13,270 کەس (لەسەدا ٥١ مێینە) خزمەتگوزارییەکانی پاکژکردنەوە و پاکوخاوێنی بەردەست بوو بۆیان.



*وێنە / سندووقی دانیشتووانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان / عێراق*

## چوارچێوەی هاریکاریکردن


ئەولەویەتی ستراتیژی ١: بەدەستهێنانی توندوتۆڵی و پاراستن و لەخۆگریی کۆمەڵایەتی

ئەولەویەتی ستراتیژی ٢: گەشەپێدانی ئابووری بۆ هەمووان

ئەولەویەتی ستراتیژی ٣: بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ دەزگا و خزمەتگوزاریی کاریگەر و گشتگیر و کارا

ئەولەویەتی ستراتیژی ٤: بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ سەرچاوە سرووشتییەکان و ڕێکخستنی مەترسی کارەسات و بەرگەگرتنی گۆڕانی کەشوهەوا

ئەولەویەتی ستراتیژی ٥: بەدەستهێنانی چارەسەری تۆکمە و شکۆدار و سەلامەت بۆ جێگۆڕکێی درێژخایەن




پێویست: ٢٥٥ ملیۆن
بەردەست: ١١٠ ملیۆن
%43

پێویست: ١.٨ ملیار
بەردەست: ٩١٠ ملیۆن
%51

فەندی نەقدی پێویست: ٤.٣ ملیار
فەندی نەقدی بەردەست: ٢.٥ ملیار
%58

پێویست: ١،٤٣١ ملیۆن
بەردەست: ٩٣١ ملیۆن
%66

پێویست: ٣٨٢ ملیۆن
بەردەست: ٢١٢ ملیۆن
%56

پێویست: ٥٣٠ ملیۆن
بەردەست: ٢٨٠ ملیۆن
%72

### دەرئەنجام 3.1
پێویست: ٣٣٦ ملیۆن
بەردەست: ٢٣٣ ملیۆن
%69

### دەرئەنجام 3.2
پێویست: ١٩٤ ملیۆن
بەردەست: ١٤٦ ملیۆن
%76

### دەرئەنجام 1.1
پێویست: ٢٠٤ ملیۆن
بەردەست: ١٢٢ ملیۆن
%60

### دەرئەنجام 1.2
پێویست: ١.١ ملیار
بەردەست: ٧١٢ ملیۆن
%66

### دەرئەنجام 1.3
پێویست: ١٤٨ ملیۆن
بەردەست: ٩٥ ملیۆن
%64

### دەرئەنجام 4.1
پێویست: ٥٤ ملیۆن
بەردەست: ١٢ ملیۆن
%23

### دەرئەنجام 4.2
پێویست: ٢٠١ ملیۆن
بەردەست: ٩٨ ملیۆن
%49


### دەرئەنجام 2.1
پێویست: ٢١٤ ملیۆن
بەردەست: ١٠٣ ملیۆن
%48

### دەرئەنجام 2.2
پێویست: ١٦٨ ملیۆن
بەردەست: ١٠٩ ملیۆن
%65

### دەرئەنجام 5.2
پێویست: ٧٤ ملیۆن
بەردەست: ٣٨ ملیۆن
%52


### دەرئەنجام 5.1
پێویست: ١.٧ ملیار
بەردەست: ٨٧١ ملیۆن
%51

# خەرجی بودجەی ساڵانەی چوارچێوەی کاری هاریکاریکردنی گەشەپێدانی درێژخایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان UNSDCF$ ۲۰۲۱





## 3.2 پاڵپشتیی هاوبەشییەکان و دارایی ئەجێندای 2030

دوابەدوای مەشقێکی باش، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بەردەوام بوون لە هاوبەشبوونیان لەگەڵ زاکۆکان، وەکو زانکۆی موسڵ و نەینەوا و هەولێر و الفورات الاوسط، هەروەها زانکۆ ئەمریکییەکان لە دهۆک و سلێمانی بۆ ڕێکخستنی چالاکی لە چەند ناوچەیەک کە لە توێژەنکردنەوەی شوێنە مێژووییەکانەوە دەستی پێدەکرد تاکو وزەی درێژمەودا و تەندروستیی دەروونی و بەهێزکردنی ژنان و لایەنگریکردن. بۆ نموونە، بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی پۆلەتەکنیکیی هەولێر بۆ پەرەدان بە پرۆگرامێکی ڕاهێنانکردن بە ڕابەرانی گەشتوگوزاری و هەروەها پاڵپشتیکردن لە پەرەدان بە پلانێکی گەشتوگوزاری بۆ قەڵای هەولێر. لەسەروو ئەوەشەوە، هاوبەشبوون لەگەڵ دەزگا ئەکادیمیە بیانییەکانی وەکو ئەکادیمیای فۆڵک بێرنادۆت لە سوید و هەروەها توێژەرێک لە زانکۆی جۆرجتاون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو چالاکییانەیان ڕێکدەخست کە تەرکیزی لەسەر چارەسەری تۆکمە دەکردەوە لە عێراق، لاوان، ئاشتی، ئاسایش.




نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق توانیشی لەگەڵ کۆمەڵە ڕێکخراوێکی جۆراوجۆری کەرتی سێیەم بکات وەکو تۆڕی عێراقی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵەی یاسای عێراق و مۆزەخانەی نیشتیمانی لەپێناو بەرزڕاگرتن و پاراستنی زمانە کەمینەکان و هەروەها بەرزڕاگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەلامەتیی بۆ ڕۆژنامەنووسان.
نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامیش بوو لە هاوبەشبوون لەگەڵ کەرتی تایبەت لە چەندین ناوچەدا، بەوانەشەوە کە دابینکاری خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردن بوون (زەین، کۆرەک و ئاسیاسێل) بۆ گەیاندنی ئینتەرنێت بە 3 هەزار خوێندنگا لە ئێراق بەبێ بەرامبەر، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، بۆ پەرەدان بە بەردەستبوونی ئەو چالاکییانەی کە داهاتیان لێ پەیدا دەکرێت. بۆ نموونە، هاوبەشبوون لەگەڵ بانکە تایبەتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بەردەستن، وەکو جەلسەکانی ڕێنماییکردن بۆ باسکردنی بەربەستەکانی خواست لەسەربوون لە وەرگرتنی قەرز و پێکهێنانی بزنسێکی گونجاو لەگەڵ خزمەتگوزارییە شیاوەکاندا.




## پێکەوەبەستنی هاوبەشە سەرمایەبەخشەکان و ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان

ڕێگای نوێی هاوبەشبوون کراونەتەوە بەڕووی هاریکاریکردنی نامەرکەزیدا و بە هاوکاریکردنی نزیک لەگەڵ (VGN) (شارەوانیتیی یەکگرتووی هۆڵەندی – یەکەیەکی گەشەپێدانی حکومەتی هۆڵەندا) و ئەنجوومەنی پەنابەرانی دانیمارکی بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی خۆڕاگریی دەسەڵات و کۆمەڵگە ناوخۆییەکانی عێراق لە گەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و زیادبوونی هەلی کار و/یاخود گەشەکردنی بزنس (پرۆژەی LOGORep). نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی گەشەکردنی خشتەی وەبەرهێنان و پلانەکانی گەشەکردنی کرد، لەگەڵ کەمپی پەنابەراندا لە شارەوانییەکانی (باسرمە، قوشتەپە و کەوەرگۆسک لە پارێزگای هەولێر) هەروەها پرۆژەکانی گەشەپێدانی لەسەر ئاستی ناوچەکانی خستەپاڵ پرۆژەی (LOGOReP) لە پارێزگای هەولێر بۆ زیادکردنی ئەگەری یەکخستنی ناوخۆیی.

هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیدەدا بۆ یەکگرتنی ڕێگا نوێخوازەکان لەبارەی بابەتە ئاڵۆزەکانی وەکو ڕێگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژ (PVE) بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای گفتوگۆی ستراتیژی و تۆڕی شارە بەهێزەکان لە موسڵ بۆ پەرەدان بە بەرنامەڕێژیی ڕێگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژی تایبەت بە ناوخۆ و هەروەها بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی هەرێمی وەکو بەشێک لە تۆڕی شارە بەهێزەکان. هەروەها لەگەڵ دامودەزگا ناوخۆیی و پەروەردەییەکان کاریکرد بۆ چاککردنەوەی مەنهەجی خوێندن لەو ناوچانەی کە پێشتر داعش تیایاندا نیشتەجێبووە. تەواوکەری ئەمەش بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەک لە سیستەمی ژینگەیی توندڕەوی لە عێراق بۆ درووستکردنی سیستەمێکی پۆلێنکردن کە بتوانێت تێگەیشتنێکی وردتر بخاتەڕوو بۆ ڕێبازە سەلەفی-جیهادییەکان لەنێو سیاسەتمەدارەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دووایین ئامانج بریتی دەبێت لە پەرەدان بە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیی نەتەوەیی ڕێگریکردن لە دەمارگیریی توندوتیژ و بەوهۆیەشەوە کەمکردنەوەی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی.

## 2.4 ئەنجامەکانی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە بەشێوەیەکی باشتر و زیاتر: یەکگرتوویی و کاریگەریی و کارایی نەتەوە یەکگرتووەکان

### کارکردن وەکو یەک قەوارە

لە ساڵی 2021، تیمی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق (OMT) بە هەماهەنگی لەگەڵ "ئەجێندای کارایی" هەڵسا بە یەکخستنی کارە بزنسییەکان لەکاتێکدا پاڵپشتیی پرۆگرامی کاریگەرتری دەکرد.

پێکەوەکارکردنی بەرهەمداری ئاژانسەکانی پرۆگرامەکان و دەرماڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (AFPs)لە بوارەکانی بەڕێوەبردن، دارایی، سەرچاوە مرۆییەکان، تەکنەلۆژیای پەیوەندیی زانیاری، عەمبارکردن و فەراهەمکردن بەشداربوون لە زیادکردنی کارایی سیستەمەکە.

بەرەوپێشچوونی دیار لە دژی کۆمەڵەی ئامانجە ساڵانەییەکان لەنێو چوارچێوەی ئەنجامەکاندا (RF) بەدەستهێنرا. بەتایبەتیش، لە بواری زیادبوونی تێکڕای ئابووری، کەمکردنەوەی تێچووەکانی مامەڵەکردن، بەهەڵمەتیی و پەیوەندیی پەرەپێدراو لەگەڵ بەڵێندەرەکان، چەندین هەنگاو نراون بۆ جێبەجێکردنی کاری پەیداکردنی باو (CPA) لەنێویاندا پێکەوە داوای بەرزکردنەوەی هێزی کڕیار بۆ گەیشتن بە ئاست و نرخێک کە هیچ دامەزراوەیەک ناتوانێت بەتەنها دابینی بکات، بەپێیەش زیادکردنی بەهای پارە بۆ هەموو لایەنە بەشدارەکان. لەم بارەیەشە، چەندین تەندەر پێکەوە ئامادەکران لەلایەن گروپەکان کارکەرەکانی پەیداکردن، بەڕێوەبردن، دارایی و تەکنەلۆژیای پەیوەندیی زانیاری: "خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی بۆنە و کۆنفرانسەکان"، "خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی گەشتکردن"، "خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی ناوخۆیی"، "خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکەوتننامە بانکییەکان" و "خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت" لەئەنجامدا بوونە هۆی ئەوەی بەشداریی ڕێکەوتننامە درێژمەوداکان (LTAs) خۆلادان لە لە تێچووی تێکڕای 500 هەزار دۆلاری ئەمریکی لێبکەوێتەوە.










لەنێو 29 هێڵی خزمەتگوزاریدا کە پێکەوە لە ستراتیژیی بزنس و کارکردندا (BOS)ناسێنراون، چەندین خزمەتگوزاری خراونەتەکار و ئاستیان بەرزکراوەتەوە ، لەنێویاندا چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و خزمەتگوزاریی پارککردن و باشترکردنی .(VHF) سەرباری ئەوەش، پلاتفۆرمی باوی تیمی بەڕێوەبردنی کارەکان (OMT) دامەزرا؛ ئەندامانی تیمی بەڕێوەبردنی کارەکان و گرووپە کارکەرەکان چالاکانە زانیاری هاوبەشی پێدەکەن و گفتوگۆ لەبارەی بابەتی پەیوەندیداریشەوە دەکەن لە لەڕێگەی شوێنی کارکردنی تیمەکانەوە.

لە مانگی سێپتەمبەری 2021 دا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییانەی کە لە قۆناغی ڕاپۆرتداندا دۆزرانەوە، تیمی بەڕێوەبردنی کارەکان لە عێراق دەستیکرد بە پێداچوونەوەی ساڵانەی ستراتیژیی بزنس و کارکردن. گفتوگۆ لەبارەی دەستکەوت و کۆسپ و دواخستنەکانەوە کران و هەروەها ئەولەویەتەکانیش بۆ ساڵی 2022 دانران و ئێستاش لە قۆناغی کۆتایی پێهێناندایە.



توانابەخشێکی سەرەکی بۆ خزمەتگوزارییە باوەکان بریتییە لە دەزگاگەلە باوەکان (CP). تیمی بەڕێوەبردنی کارەکانی عێراق بە پاڵپشتیی گرووپی کارکردووی دەزگاگەلە باوەکان، هەڵسان بە خستنەکاری پلانی دەزگاگەلە باوەکانی وڵات، کە هەڵسەنگاندنێکی بۆ دۆخی ئێستای دەزگاگەلەکان (کە لە مانگی شوباتی 2022 دا تەواوکرا) و شرۆڤەیەکی وردی ئەو پرۆژانەی کە بڕیاربوو بخرێنە کار، لە خۆدەگرت، بۆ گەیشتن بە ڕێژەیەکی سەدیی بەرزتری دەزگاگەلە باوەکان و قازانجەکانی کارایی، بە ئامانجی زیادکردنی کارایی شوێنپێیەکان (Footprint Efficiency).



## 2.4 ئەنجامەکانی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە بەشێوەیەکی باشتر و زیاتر: یەکگرتوویی و کاریگەریی و کارایی نەتەوە یەکگرتووەکان

### پەیوەندی بەستن وەکو یەک قەوارە

**پەیوەندی بەستن و لایەنگریکردن بەیەکەوە**

هەوڵەکان بۆ بەستنی پەیوەندی و لایەنگریکردن لە 2021 دا ڕوویان لە زیادبوون کرد. لەکاتێکدا هەر دامەزراوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین دەستپێشخەریی و چالاکیی لە بەستنی پەیوەندی و لایەنگریکردندا کرد کە پەیوەندیی بە فەرمانەکانیانەوە هەبوو، گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCG) تەرکیزی لەسەر کاری بەکۆمەڵ. لە ساڵی 2021، چەندین کەمپەینی پەیوەندی بەستنی بەکۆمەڵ کە تایبەت بوون بە کۆرۆنا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق سازکران بۆ زیادکردنی دیاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان و ئەجێندای 2030.




سەرباری ئەوەش، گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCG) بەشێوەیەکی بەرفراوان لە چەندین ڕۆژنامە و بەیاننامە و تۆڕی کۆمەڵایەتیی هاوبەشدا بەشداریکرد، لەنێویاندا سەردانی پێکەوە بۆ شوێنی پرۆژەکان ژمارەیەکی دیار بۆنەی دوورمەودای ڕێکخست کە بۆ دیاریکردنی ڕۆژ و کەمپەینە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەرخانکرابوون، لەنێویشیاندا بەشدارییکردنی گەنجان لە بانگەشەکردن بۆ ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان (SDG) ئاهەنگگێران 16 ڕۆژ چالاکی دژی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕۆژی جیهانی پەروەردە، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان (لەنێویاندا کەمپەینێکی هاوبەش کە هەموو نوێنەرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدابوو)، پاڵپشتیکردنی هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان، ڕۆژی جیهانیی بەهرەی لاوان، ڕۆژی جیهانیی لاوان، لایەنگری و پەیوەندی بەستن لە نزیکی کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان(COP26) ، لەنێویشیاندا ئاهەنگگێران بەبۆنەی بوونە ئەندامی عێراق لە ڕێکەوتننامەی پاریسدا و داوای ئەنجامدانی کردار لەئاستی گۆڕانی کەشوهەوادا. کاریگەرترین و بەرفراونترین کەمپینەکان لە خوارەوە نیشاندراون.




لەمیانەی هەوڵەکانی مەترسیی بەستنی پەیوەندیی لەکاتی کۆرۆنادا، گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی کارتۆن و کارتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەستی بۆ خەڵکی گشتی درێژکرد بۆ بانگەشەکردن بۆ پاکوخاوێنی و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەبارەی مەترسییەکانی کۆرۆنا و بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لەدژی ڤایرۆسەکە، پەرەدان بە پێکهاتەی زانیاری لەبارەی کوتان، دەستشۆردن، پژمین/کۆکین، دابینکردنی زانیاریی تایبەت بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕەفتاری تەندروست و بەرپرسیار لە ماڵەوە و لەناو کۆمەڵگادا، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵە.

ئاژانسەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کەمپەینی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەی کۆرۆناوە و کەمپەینی ماسک بەستنیان ڕێکخست کە زیاتر لە یەک ملیۆن بەشداربووی هەبوو لە پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیاتر لە 8 هاوبەش و کۆمەڵە هاوبەشیی نەتەوە یەکگرتووەکان تیایدا بەشداربوون. گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامدانەوەی بۆ نەخۆشیی کۆرۆنادا هەڵسا بو پەرەدان بە زنجیرەیەک ڤیدیۆی ستافەکانی، کە ئامانج لێی یارمەتیدانی وڵاتەکە بوو بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکەدا و هاندانی دانیشتووانی عێراق بۆ ڕێزگرتن و شوێنکەوتنی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانی بۆ ڕێگریکردن لە کۆرۆنا لەگەڵ ئامانجی سێیەمی ناو ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان (SDG 3) و هاندانی هەمووان بۆ یارمەتیدان لە شکاندنی زنجیرەی گواستنەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لەڕێگەی بەستنی ماسک، دوورکەوتنەوەی خستەیی و دووورکەوتنەوە لە قەرەباڵخی.

لەسەروو ئەوشەوە، کەمپەینێکی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەلایەن گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخرا، کە بە زیاتر لە 3 ملیۆن عێراقی گەیشت لەڕێگەی چالاکییە دیجیتاڵی و ئۆفلاینەکانەوە، و شەش ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆگرتبوو کە لەنێویاندا زانکۆکان و 10 هاوبەشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدابوو. لەلایەکەوە هۆشیاری لەڕێگەی کەمپەینێکی دیجیتاڵییەوە کە چانێڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تیمی وڵاتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەخۆگرتبوو بەرزکرایەوە کە ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدانی نیشاندا و باسی گرنگییانی بۆ عێراق کرد، لەلایەکی تریشەوە، لەڕێگەی دروستکردنی ٦ تابلۆی دیواری لە زانکۆکان و شوێنە گشتییەکانی هەموو وڵاتدا بۆ بەشدارپێکردنی گەنجان و بلاوکردنەوەی گفتوگۆی نێو خەڵک. پرۆژەکە سوودیشی هەبوو لە بەهێزکردنی کارکردن بە تیم لە تەواوی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەوپێیەی هەموو بابەت و ماددەکان لەڕووی سرووشتەوە پێکەوە بەسترابوون و لەلایەن خاڵە چەقییەکانی پەیوەندی بەستنی ئاژانسەکانەوە ڕێکخرابوون.

لەپێناوی بەهێزکردنی ڕێکخستن لە دەوروبەری پەیوەندییەکان و پاڵپشتیی چاودێریکردنی کردارەکانی پەیوەندیکردن، تۆمارکەرێکی پەیوەندی لەلایەن ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێبوو (RCO) وە لە ساڵی 2021 دا دروستکرا بۆ تۆمارکردنی بۆنە و کەمپەین و پەیوەندییەکان لەکاتی خۆیاندا. تۆمارکەرەکە ڕێگا بە هەموو ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات بۆ داخڵردنی چالاکییە پلان بۆ دانراوەکانی پەیوەندی بەستن هەروەها شوێنێک دابین دەکات بۆ هاریکاریکردن لەنێو هەموو ئاژانسەکاندا بۆ ئەوەی کارایی لە پەیوەندی بەستندا زیادبکرێت و خۆ لە دووبارەکردنەوە بەدووربگیرێت.

گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ڕێکخستن و ڕابەریی ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێبوو و پاڵپشتیی بەرنامەی خۆراکی جیهانی، هەڵسا بە پێداچوونەوە و دووبارە کارکردن لەسەر بەرنامەی کار و ستراتیژیی پەیوەندی بەستنی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بە تیشکخستنەسەر پەرەدان بە هاریکاریکردنی نێوئاژانسی بۆ دڵنیابوونەوە لە نامەگۆڕینەوەی بەردەوام و چەسپیو و باشترکردنی ئیمەیجی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکگرتن لەگەڵ چوارچێوەی کاری هاریکاریکردنی گەشەپێدانی درێژمەودای نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSDCF) کە پێداچوونەوەی بۆ کراوە و لە 2021 دا لەگەڵ حکومەتدا واژووکرابوو.

سەرباری ئەوەش، ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێبوو لەنزیکەوە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریکرد بۆ بەرهەمهێنانی دوو چیرۆکی پەیوەست بە مرۆڤەوە، هێنانەژێانی توخمێکی مرۆڤانەی بەهێز بە تەرکیزکردنە سەر خۆرە گێڕانەوەیەک کە باس لە خەڵکی ئاسایی دەکات و بابەتی پەیوەست بە مرۆڤەوە دەبەسترێنەوە بە ئامانجێکی دیاریکراوی گەشەپێدانی درێژمەودا و پاڵپشتیی پەتەوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێنی ڕووداوەکان. وتارەکان لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان بڵاوکرانەوە کە لەلایەن بارەگاکانی (DGC) و (DCO)یەوە بەڕێوەدەبران، لەنێویشیاندا ماڵپەڕی جیهانی (UNSDG) و ماڵپەڕی (UNDCO).

لەکۆتاییدا، ماڵپەڕی نوێی بەکارهێنەر-پەسەندی نەتەوە ئەکگرتووەکان لە عێراق (iraq.un.org) لە سێپتەمبەری 2021 دا بەسەرکەوتوویی و بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی پەرەپێدرا و خرایەکار و تا کۆتایی ساڵ 121,881 بینەری کۆکردەوە. ئامانجی ماڵپەڕە نوێیەکە بریتیە لە بەهێزکردنی پەیوەندیی بەکۆمەڵ لەبارەی چۆنییەتی پاڵپشتیکردنی حکومەت لەلایەن سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە عێراق بۆ بردنەسەری ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان و ئەجێندای 2030. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕابەریی ئۆفیسی ڕێکخەری نیشتەجێبوو و ئۆفیسی زانیارییە گشتییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (UNAMI PIO)، لە نزیکەوە هاوکاری یەکیان کرد، لەسەر ماڵپەڕە نوێیەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ ستایلی هەموو ماڵپەڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهاندا بەپێی ڕێنمایی گروپی گەشەپێدانی درێژمەودای نەتەوە یەکگرتووەکان. ماڵپەڕەکە داتابەیسی زانیاریی نەتەوە یەکگرتووەکانیش یەکدەخات، خاڵێکی ناوەکیی پلاندانان و ڕاپۆرتدان بۆ قەوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تۆمارکردنی مەودای کارکردن و بەرەوپێشچوون لەو پرۆژە و بەرنامانەی وڵاتدا کە بەردەوامیان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی.

بە ڕوانین بەرەوپێش، لەڕێگەی کاری گروپی پەیوەندی بەستنی ستراتیژیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و بە پاڵپشتی و بەشداریی ڕێکخراوی تیمی وڵاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەرکیزی پەیوەندی بەستن و لایەنگری لەسەر کاریگەریی کۆمەڵایەتی-ئابووریی کۆرۆنا و کەمپەینی (باشتر چاکبەرەوە). ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەردەوامە لە پابەندبوونی بە دڵنیابوونەوە لە گەیاندنی پەیام و دانانی ستراتیژی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی کەمپەینە هاوبەشەکانی پەیوەندی بەستن و دەستپێشخەریکردن لەپێناو خەڵک و حکومەتی عێراقدا.



## 2.5 هەڵسەنگاندن و وانە فێربووەکان



لە ساڵی 2021 دا، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی هەڵسەنگاندن و توێژینەوە و نرخاندن و ڕاپرسیی کرد بۆ بەکارخستنی بەرنامەڕێژیی لەسەر بنەمای بەڵگە و پاڵپشتیکردنی دەستکەوتەکان لەبەرامبەر ئەنجامە پێشبینیکراوەکاندا لە چوارچێوەی کاری ئەنجامەکانی (UNSCDF)دا. ئەم هەڵسەنگاندن و توێژینەوە و ڕاپرسییانە لەمیانەی ساڵی ڕاپۆرتدانەکەدا کراون:

- پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق و ڕۆڵی ژنان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
- هەڵسەنگاندنی سیستەمی زانیاریی بەڕێوەبردنی تۆڕی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی (SSN MIS) بۆ دابینکردنی پێشنیار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمەکە.
- توێژینەوەیەک لە بەهێزکردنی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی ژنان لەرێگەی کاری پاککردنەوەی مین لە نەینەوا.
- دوو هەڵسەنگاندن لەلایەن یونیسێفەوە لەسەر تەندروستیی دەروونی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی و (WASH) ئەنجامدرا.
- هەڵسەنگاندنی خێرای بازاڕ و زنجیرەی نرخ بۆ ئاگادارکردنەوەی پرهیواترین سێکتەر و چالاکییە ئابوورییەکان بۆ پاڵپشتیی دامەزراندن و خۆدامەزراندن.
- هەڵسەنگاندنی بزنسی کشتوکاڵی و ئاستی کێڵگەیی بۆ 600 جووتیاری بەروبوومی کشتوکاڵی و کۆمپانیای بچووک و مامناوەند و توێژینەوەیەک بۆ ناساندنی توانای سێکتەرەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی.
- توێژینەوەیەک بۆ زانینی کاریگەریی نەخۆشی کۆرۆنا لەسەر بەرهەمی دانەوێڵە و مەڕوماڵات.
- هەڵسەنگاندنی بەشداریکردن لەسەر هەڵەکانی بژێوی پەیداکردن.
- چاودێریکردنی کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر بژێویی جووتیاری خاوەن کێڵگە بچووکەکان و سەلامەتیی خۆراک، هەروەها ئەو ترێندانەی کە هەر بەردەوامن بۆ ئاگادارکردنەوەی پێشنیارەکانی پلان.
- هەڵسەنگاندنی هاوبەشی پڕۆژەکانی (WASH) لە بەرامبەر چوارچێوەی کاری بەڕێوەبردنی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ بەتواناکردنی گەنجان لەرێگەی توێژینەوە بەرابەرایەتی گەنجان و دەستپێشخەرییەکانی بەشداریکردنی مەدەنی کە مەبەست لێیان گۆڕانی کەشوهەوایە.
- توێژینەوەی کرداری بەشداریکردنی لاوان (YPAR) گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی ئاو لە ناوچەی ئەلزوبەیر لە بەسرە بەئامانجی ناساندنی ئەو کێشانەی لە ئێستادا هەن و پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە و بەهۆی کەمیی ئاوەوە درووستبوون و هەروەها ناساندنی باکگراوندی ئەم کۆمەڵگانە.
- توێژینەوەیەک لەسەر بەربەستە سەرەکییەکان بۆ ناساندنی کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم بنیاتنانی خۆڕاگری و نەخشەکێشان بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە گونجاندنی کەشوهەوایان سنووردارکردووە.
- ڕاپرسییەک لەسەر 600 جووتیار و کۆمپانیای بچووک و مامناوەنددا بۆزانینی ئەوەی چۆن گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر جووتیاران هەبووە و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەبەرچاوی دەگرن بۆ خستنەکاری ستراتیژیای دیاریکراو.
- توێژینەوەیەک لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا و بەباوکردنی ژینگەیی "چاودێریکردنی سەرمایەی گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی ژینگە لە عێراق" لە ناوچە باراناوییەکانی باکوور (نەینەوا، کەرکوک، دهۆک، هەولێر، سلێمانی) و ناوچە بەروبووم ئاودراوەکانی ناوەڕاست و باشوور (بەسرە، مەیسان، زیقار).
- پێنج توێژینەوە لەسەر ژمێریاریی و بەبەرهەمیی ئاو لە باکوور و ناوەڕاست و باشووری عێراق لەسەر کاریگەریی کردارە کشتووکاڵییەکان، بەردەستیی سەرچاوە ئاوییەکانو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەسەر بەبەرهەمیی ئاو لەسەر دانەوێڵەکانی گەنم و جۆ.
- هەڵسەنگاندنی سەلامەتیی خۆراک لە ناوچەی کەسانی گەڕاوە و هەروەها لە نیشتنگە نافەرمییەکانیش بۆ ئاگادارکردنەوەی بەشی بەرنامەڕێی ئاسایسی گەشەپێدانی خۆراک و بژێوی.

- ڕاپرسییەکی KAP) زانین، تێڕوانین، پراکتیزەکردن) لەسەر پلاندانان بۆ خێزان و ڕاپرسییەکی تەندرووستی و کۆمەڵایەتیی یەکخراوی ژنان (I-WISH2) لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بەوپێیەش ئاسانکاریکردن بۆ پلاندانان و بەرنامەڕێژیی خزمەتگوزاری و مافەکانی تەندرووستیی وەچەخستنەوە.

وانە فێربووەکان و پێشنیارەکان لەو ڕاپرسی و هەڵسەنگاندن و توێژینەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەکارهێنران بۆ پەرەدان بە بەرنامەداڕشتن و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ئەنجامەکان و بوو بە بناغەیەک بۆ هاریکاریی خێرخوازی و پاڵپشتیی حکومەت بۆ پلاندانان و بۆ دڵنیابوونەوە لە درێژمەودایی و بەرەوپێشچوون بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییە ئەولەوییەکان و ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان.


## 2.6 هەڵسەنگاندنی گشتیی دارایی و کۆکردنەوەی سەرچاوە

له ساڵی 2021 دا بڕی 58% ی بودجەی گشتیی (UNSDCF)بەدەستهێنرا، کە هەوڵەکان بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ چالاکییەکانی ئەولەویەتی ستراتیژیی 3 سەرکەوتووترینیان بوو و بڕی 72%ی تێکرای بودجەکە لەلایەن ئەوە بۆ ئەو ساڵە کۆکرایەوە. ئەولەویەتی ستراتیژی 1, 65%ی بەدەستهێنا، ئەولەویەتی ستراتیژیی 2, 56%، ئەولەویەتی ستراتیژی 5, 51%، و ئەولەویەتی ستراتیژی 4, 43%.

)تەماشای خشتەی کۆکردنەوەی سەرچاوە بکە لە خوارەوە(

بۆ ماوەی ڕاپۆرتدان، بودجەی گشتی بە درێژایی هەموو ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی (UNSDCF) بەتێکڕا نزیکەی 1,18 ملیار دۆلار بوو بۆ دەرماڵەی هەموو ئاژانس و پرۆگرامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە 43%ی لەماوەی ڕاپۆرتداندا گەیەنرا و یەکێک لە هۆکارەکانی هەبوونی سەرچاوەی دارایی بوو. ڕادەی گەیاندن بەپێی ئەولەویەت جیاوازیی هەبوو، کە ئەولەویەتی ستراتیژی 1 لە هەموویان کاراتر بوو بەڕێژەی 70% لە بودجەی پلانبۆدانراوی بۆ ساڵی 2021 گەیەنرا، بەدوای ئەویشدا ئەولەویەتی 3 بە ڕێژەی گەیاندنی 49%، ئەولەویەتی 2 و 4 لەسەدا 46، و لە کۆتاییشدا ئەولەویەتی 5 لەسەدا 27ی بودجەکەی گەیاندبوو.

بەشی دەرماڵەدان بۆ جێگیربوون (FFS) بەردەوامبوو لە ڕۆڵی وەکو میکانیزمێك بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە بۆ چالاکییەکانی جێگیرکردن لەو ناوچانەی کە شەڕی داعش کاری لێکردبوون. (FFS) بڕی 79,614,399 دۆلاری تری لە 2021دا کۆکردەوە. لە بەرامبەر ئامانجی (FFS) بۆ گەیاندنی 155,178,455 دۆلار لە ساڵی 2021دا، (FFS) بڕی 174,562,971 دۆلاری کۆکردەوە.





### نوێکردنەوەکانی تیمی بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکان (PMT) بۆ ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجامەکانی UNCT بۆ ساڵی 2021

لە سەرەتای 2021 دا (UNCT) لەماوەی کشانەوەیدا ڕازیبوو بە نوێکردنەوەی شیکاریی باوی وڵات (CCA) بەپێی داوایەک لە وەزیری پلاندانانی عێراقەوە کە باسی لە پەتای کۆرۆنا و ئامانجی گەشەپێدانی نوێ دەکرد لە وڵاتدا. نوێکردنەوەی (CCA) لە مانگی کانوونی دووەمی 2021 دا دەستپێیکرد و لە مانگی ئاداری 2021 دا تەواوکرا. وا پێشبینی دەکرێت کە نوێکردنەوەی دواتری (CCA) لەدوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئەنجام بدرێت.



*وێنە / بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان / عێراق*

### چارەسەرە تۆکمەکان

لە سەرەتای 2021 دا، ئەولەویەتی ستراتیژیی چارەسەرە تۆکمەکان لە (UNSDCF)دا دانران بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە چارسەری تۆکمە بۆ ئەو خەڵکانە دابینکراوە کە پێویستییانە وچارەسەرەکە درێژخایەنە. (UNSDCF) هێزی کاری چارەسەرە تۆکمەکانی (DSTF) یەکخست وەکو یەکەیەکی ڕێکخەر و هەوڵی ڕێکخستن و جێبەجێکردن لەگەڵ پلانی نەتەوەیی – کە لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەراندا پەرەپێدراوە - و چوارچێوەی کاری کردەیی ستراتیژیدا ڕێزدەکات. لەڕێگەی ڕێکخستنی نزیک لەگەڵ دامودەزگا ناوخۆییەکاندا، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ کۆمەڵگە کارتێکراوەکان لەڕێگەی گرووپەکانی کارکردنی چارەسەرە تۆکمەکان (DSTWG) و ڕێکخستن لەسەر بنەمای ناوچەکانەوە (ABC) دابین دەکات بەدرێژایی چەندین پارێزگا و ناوچەی جیاوازدا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی مافەکانی خەڵکانی ڕاگوێزەراو بەتەواوی پارێزراون و لەناو بەرنامە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سەرچاوە تۆکمەکاندا دانراون.

گۆڕانی کەشوهەوا و بەرەو نەمانچوونی ژینگە گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر هەمووان و هەموو وڵاتەکان. لەگەڵ چڕبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی قەیرانی کەشوهەوادا، پێویستە عێراق زوو هەڵوێست بنوێنێت بۆ پاراستنی ژینگە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا – ناوچەی مینا (MENA)، لەنێویشیاندا عێراق، یەکێکە لەو ناوچانەی کە لەبەر زۆرترین مەترسیدایە و پلەی گەرما تیایدا لە بەرزبوونەوەدایە، کە ڕێژەی چڕی و زۆریی دۆزی کەشوهەوای توندی وەکو شەپۆلی گەرما و بەبیابانبوون بەهۆی وشکەساڵییەوە زیاد دەکات. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و گەرما توند بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر عێراق دەبێت و کاردەکەنە سەر ژیانی شار و بارودۆخی ژیان و ئەو نەخۆشیانە دەبێت کە پەیوەندییان بە گەرماوە هەیە. پێویستی بۆ کارکردن لەسەر ڕێوشوێنەکانی گونجاندن و کەمکردنەوە بە پێشڕەویی حکومەت بۆ بایەخدان بە ئاڵنگارییە ژینگەیی و کەشوهەواییەکان لە زیادبووندایە.

### گرووپی کارکردنی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان

گرووپی کارکردنی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان لە ئاداری 2021 دا دامەزرا، کە ئامانجی بریتی بوو لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق لە پەسەندکردنی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەجێندای 2030 دا. تیشک دەخاتە سەر ئاسانکاری لە تێگەیشتن لە جێبەجێکردنی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان، چاودێریکردن،ئەو ئاڵنگارییانەی کە بوونیان هەیە، هەلەکان و شوێنە ئەولەویەکان لە عێراق، هەروەها لایەنگریی بەباوکردنی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان لە هەموو سێکتەرەکاندا و پاڵپشتیکردنی تەواوکردنی پێداچوونەوە نەتەوەییە خۆویستەکان.

### دەرماڵەی متمانەی گەشەپێدانی عێراق

لە کانوونی یەکەمی 2021 دا، (UNCT) دەستیکرد بە بە دامەزراندنی سندووقی دەرماڵەی متمانەی گەشەپێدانی عێراق، کە ئامانجی پاڵپشتیکردنی تەواوکردنی (UNSDCF) و ئامانجێکی گەورەتریشی بریتییە لە هێنانەدیی ئامانجە درێژمەوداکانی گەشەپێدان.

### تۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆچکردن

گرووپی تۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆچکردن لە ئاداری 2021 دا دامەزرا و خرایە کارکردن، کە ئامانجی دابینکردنی سەکۆیەکە ب ڕێکخستنی ناوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکانو بەشداریکردنی خاوەن بەشەکان بۆ پاڵپشتیکردنی عێراق لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی جیهانیی کۆچکردن (GCM).




*وێنە / ڕێکخراوی شوێنپەنجەی هیوا / عێراق*

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| Area Based Coordination | ABC |
| Agency Focal Point | AFP |
| Business Operations Strategy | BOS |
| Common Country Analysis | CCA |
| COVID-19 Vaccines Global Access | COVAX |
| Coronavirus disease 2019 | COVID-19 |
| Common Premises | CP |
| Digital Extension Platform | DEP |
| Danish Refugee Council | DRC |
| Disaster Risk Reduction | DRR |
| Device Scene Incident Management | DSIM |
| Durable Solutions Task Force | DSTF |
| Durable Solution Task Working Groups | DSTWG |
| emergency Alert and Communication Systems | EACS |
| Explosive Ordnance Disposal | EOD |
| Economic and Social Commission. for Western Asia | ESCWA |
| farmer-to-farmer | F2F |
| Food and Agriculture Organization | FAO |
| Funding Facility for Stabilization | FFS |
| Gender-Based Violence | GBV |
| Global Compact for Migration | GCM |
| Gross Domestic Product | GDP |
| Government of Iraq | GoI |
| Host Community | HC |
| Housing, Land, and Property | HLP |
| Human Resources | HR |
| Humanitarian Response Plan | HRP |
| Information and Communication Team | ICT |
| Internally Displaced Person | IDP |
| International Fund for Agricultural Development | IFAD |
| International Financial Institutions | IFIs |
| International Institute for Infrastructural, Hydraulic and Environmental Engineering | IHE |
| International Labour Organization | ILO |
| International Monetary Fund | IMF |
| Iraq National Action Plan | INAP |
| International Organization for Migration | IOM |
| Islamic State of Iraq and the Levant | ISIL |
| International Trade Centre | ITC |
| Joint Steering Committee | JSC |
| Joint Work Plan | JWP |
| Kurdistan Regional Government | KRG |
| Kurdistan Region of Iraq | KRI |
| Long Term Agreement | LTA |
| Management Information System | MIS |
| Ministry of Agriculture | MoA |

| | |
|---|---|
| Ministry of Communications | MoC |
| Ministry of Municipalities & Public Works | MoCH |
| Ministry of Culture | MoCUL |
| Ministry of Defense | MoD |
| Ministry of Education | MoE |
| Ministry of Electricity and Renewable Energy | MoEE |
| Ministry of Environment | MoEN |
| Ministry of Finance | MoF |
| Ministry of Foreign Affairs | MoFA |
| Ministry of Health | MoH |
| Ministry of Higher Education and Scientific Research | MoHESR |
| Ministry of Interior | MoI |
| Ministry of Industry & Minerals | MoIM |
| Ministry of Justice | MoJ |
| Ministry of Labour and Social Affairs | MoLSA |
| Ministry of Migration and Displacement | MoMD |
| Ministry of Oil | MoO |
| Ministry of Planning | MoP |
| Ministry of Science & Technology | MoST |
| Ministry of Trade | MoT |
| Ministry of Transportation | MoTRANS |
| Ministry of Water Resources | MoWR |
| Ministry of Youth & Sports | MoYS |
| Micro, Small and Medium Enterprises | MSME |
| National Determined Contribution | NDC |
| National Development Plan | NDP |
| Non-Governmental Organization | NGO |
| Office for the Coordination of Humanitarian Affairs | OCHA |
| Official Development Assistance | ODA |
| Operations Management Team | OMT |
| Programme Management Team | PMT |
| Plans of Action | PoA |
| Points of Entry | POE |
| Personal Protective Equipment | PPE |
| Prevention from Sexual Exploitation and Abuse | PSEA |
| Prevention of Violent Extremism | PVE |
| Priority Work Group | PWG |
| Resident Coordinator Office | RCO |
| Reproductive Health/Family Planning | RH/FP |
| Sustainable Development Goals | SDGs |
| Sexual and Gender-based Violence | SGBV |
| Small and Medium Enterprises | SMEs |
| Strategic Priority | SP |
| Social Safety Net | SSN |
| United Nations | UN |
| United Nations Entity for Gender Equality and Empowerment | UN Women |

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| United Nations Assistance Mission for Iraq | UNAMI |
| United Nations Country Team | UNCT |
| United Nations Conference on Trade and Development | UNCTAD |
| United Nations Development Assistance Framework | UNDAF |
| United Nations Development Programme | UNDP |
| United Nations Development System | UNDS |
| United Nations Department of Safe and Security | UNDSS |
| United Nations Environment Programme | UNEP |
| United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization | UNESCO |
| United Nations Framework Convention on Climate Change | UNFCCC |
| United Nations Population Fund | UNFPA |
| United Nations Human Settlements Programme | UN-HABITAT |
| United Nations High Commissioner for Refugees | UNHCR |
| United Nations Human Rights Council | UNHRC |
| United Nation International Children's Emergency Fund | UNICEF |
| United Nations Industrial Development Organization | UNIDO |
| United Nations Office on Drugs and Crime | UNODC |
| United Nations Office for Project Services | UNOPS |
| UN Strategic Communication Group | UNSCG |
| United Nations Sustainable Development Cooperation Framework | UNSDCF |
| United Nations Sustainable Development Group | UNSDG |
| Unexploded ordnance | UXO |
| Violence Against Women and Girls | VAWG |
| Dutch United Municipalities | VNG |
| Water, Sanitation and Hygiene | WASH |
| World Bank | WB |
| World Food Programme | WFP |
| World Health Organization | WHO |
| World Trade Organization | WTO |

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجامەکانی وڵات ٢٠٢١

## عێراق

الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

DECADE OF ACTION

Iraq.un.org

@UNIraq